

دانا / محمد بهاءالدین ملا صاحب

# قازی محمد

و

## کۆماری مەهاباد


دانا / محمد بهاء الدین ملا صاحب

ماموستای قوتابخانەی تەویلە


ساجد ئاوارە

سەرپەرشتی لە چاپ دانی کردوە


چاپخانەی راپەرین سلیمانی شەقامی کاوە ٦٠٩

بە رەزامەندی وەزارەتی راگەیاندن لە چاپ دراوە .

# پشکەش بیت

- بەو کەسانەی درەختی ناکۆکی و دوو دڵی ڕیشەکێش ئەکەن و تۆوی یەکیەتی و هاوکاری لە دڵی هەموو کوردێکدا ئەچێنن .
- بە گیانی پاکی ئەو شەهیدانەی بە خوێنی گەشیان خاکی کوردستانیان رەنگین کردوە .
- بەو رۆڵە دڵسۆزانەی لە خەباتی بێ ووچان ناکەون لە ڕێی رزگاریدا تێ ئەکۆشن .

# ((سەرەتا))

لەساڵی ١٩٥٥ قوتابی‌یەکی خەڵکی مەهاباد لە تەوێڵە ئەیخوێند . هەستی نیشـــتمانی لەدڵو دەرونیا ئاگری ئەکردەوە ، بەڵام ڕازو نیازی خۆی بەتەواوی ئاشکرا نەئەکرد ، ئەوەندە هەبرو زۆر جار باســی چونیەتی خنکاندنی پێشەوا قازی موحەمەدو هاوڕێکانی بۆ ئەگێراینەوە لەگەڵ دەست درێژی و ستەمکاری ڕژێمی کونەپەرست بۆسەر خەڵکی بێ دەسەلاتی ئەو ناوچەیە . بەنایەتی پاش لەناو بردنی کۆمار . هەر لەو کاتەوە نیازی ئەوەم کرد چی لە توانامدا بێت درێغی نەکەم لە کۆکردنەوەو نووسین ، دەربارەی ئەو ڕووداوەگرنگە لەمێژووی گەلی کوردا . .

لە ساڵی ١٩٥٩دا نامیلکەی « لەڕێی خەبات »م کەوتە بەرچاو بەرگی یەکەمی بریتی بوو لەوێنەی قازی محمد کەملی بەپەتی هەناراوەیە لەبەر خۆمەوە وتم پێویستە باسی چۆنیەتی بەسەرهاتی کۆمەڵەو پێشەوای تیا بێت .

بەڵام کە هەموو لاپەڕەکانم سەیر کرد بە هیچ جۆرێك ئەو باسەی تیا نەبوو . لەبەر ئەوە لەنیازەکەم سارد نەبوومەوە .

هەر وەها مامۆستا علاءالدین سجادی لە [ شۆڕشەکانی کوردو ـ کۆماری عیراق ] باسی شۆڕشی سابلاخی کردووە . بەڵام جیاوازی-

پەکـــی زۆری لەگەڵ ئەم نووسراوەدا هەیە ، بۆیە دەربارەی سارد نەبوومەوە بۆلە چـاپ دانی ئەم نووسراوە .

ئاشکرایە ڕووداویکی میژوویی لەم بابەتە پێویستی بەسەر چاوەی کۆن هەیە . لەم ڕووەشەوە هەرچی پەیوەندی بەم کارەوە ساتە خوێناویەوە بووبێت خوێندومەتەوە و سوودم لێ وەرگرتووە .

هیوادارم ئەم نووسراوە لەنامەخانەی کوردیـا کەلێنێك بگرێت ، وە هەر وەها ئەگەر کەم و کوڕیەکتان بەرچـاو کـەوت چاو پۆشی لێ بکەن .

دانا / محمد بهاءالدین صاحب

تەویلە ١٩٧٠



( بەشی یەکەم )

## ١ــ « موکریان »

ناوچەی موکریان وەك زوربەی ناوچەکانی کوردستان ، زەوی و زاریکی بەپیت و پوختەی هەیە بەتایبەتی ناوچە دەشتاییەکان وەك دەشتی ( شاروێران ) سندوس ، لاجان ، میاندواو ، کە زور جور دەغل و دان و گەلیکی تر چاندنی تیانە کریت . چەم و رووباری پرسوودی وەك چەمی ( زەرین و سیمین )ی تیایە .

شاری جوان و رازاوەی زوری وەك ( مەهاباد ، بۆکان ، میاندواو نەغەدە ، شنۆ ; سەردەشت ) ئەکەونە ئەم هەریمەوە .

دانیشتوانی موکریان هەر چەند دەست بەسراوو چەوساوەن لەژیر باری گرانی کونەپەرستی ئیران ، چ لەم سالانەی دوایی وەچ لەفەرمان رەوا بەشوین یەکهاتووەکانی رابوردوودا ، خەلکی ئەم ناوچەیەلە نەتەوایەتی خویان و کوشش کردن لەرێی رزگاری دا ، دوانە کەوتوون وەبەدلیکی فراوانەوە خوینی زور لەلاوان و ناودارانیان پیشکەش کردووە بو ئەم مەبەستە پیروزە ،

هەر لەکونەوە هەندێ لەسەرەك هوزەکان پەرەیان داوە بەبلاو کردنەوەی زانیاری لەو ناوچەیەدا ، لەکاتیکدا قوتابخانەی نوێ لە هیچ لایەکدا نەبووە ، لەهەر لایەك مەلایەکی باش یامیرزایەك دەست

کەوتبی مووچەیان بو بڕیوەتەوە بو ئەوەی دەرس بە منالەکانیان بلێن ، وەزور جار لەشوینەکانی تری کوردستان ماموستایان هیناوە هەر وەها لە ئاوەدان کردنەوەی وولات دەستیکی بالایان بووە .

موکریان عەشیرەت وهوزی ناوداری تیایە وەك ( هورمزیار . ڕیبو کری ، شکاك ، تیلە کۆ کەلباخی ، فیض اللە بەگی . حسن خالی . مەنگور بلباسی ، مامش ) سەرۆکی ئەم هوزانە هەمیشە بەگژ داگیر کەراندا چوون . هوزی مەنگورو بلباسی لەفەرمان ڕەوایی سولتان سلیمانی قانونی داپشتیوانیو ئاگاداری کوردەکانی ناوچەی بتلیسیان کردوە کە عثمانیەکان زورجار بەنیازی تەفروتوناکردنیان هیرشیان بو ئەهینان لەوسەردەمەدا هەروەها ئیبراهیم بەگی کوڕی قەلەندەر ئاغای بلباسی لەفەرمان ڕەوایی صفویەکانی ئیراندا کەهیرشـــیان ئەهینا بو چەوساندنەوەو ئاوارە کردنی کوردەکان ، توانی تەنگیان پێ هەلچنن وبەرەو دوایان بکاتەوە ، بەشیوەیەك زیانی داگیرکەرلە ژمارە نەئەمات لەوکاتەدا ، وەلـەسنوری کوردەکان دووری ئەخستنەوەتەنانەت وولاتی بلوجستانوسیتانی خستە ژیر فەرمانی خویەوە و ژمارەیەکی زور لەهوزی « مەنگورو ، بلباسی » لەوێ مانەوە جیگیر بوون ، ئیبراهیم بەگ لەسالی ( ١٠٠٠ ) ی کوچیدا لەوێ فەرمانی خوای بەجێ هیناو گۆڕی لەوێیە .

بەلام لە فەرمان ڕەوایی شاعەباسی صەفەویدا زیانێکی زۆری لێ کەوت ، ئەم شایە هەموو دیهاتەکانی سـوتانو خەلکی ئاوارەو دەربەدەر کرد ، وە شێربەگی موکری ڕای کرد . تاسەر لەنوێ لەسالی « ۱۰۳۹ » کوچیدا ، ئاوەدان کرایەوە .

شوڕشو بزوتنەوەی ( ۱۸۸۰ ) ز کەبەسەر کردایەتی شیخ عەبیداللەی نەهری بەرپابوو کارێکی گرنگی کردە سەر هەستی نیشتمانی کوردە-کانی موکریان وەبە پێی توانای خویان پەیوەندیان بەشۆڕشی شـیخ مەحمودی نەمرەوە بووە ، هەر چەند لەئەنجامدا ڕژێمی ئێران هەر لە بیشکەدا بزوتنەوەکەیانی لەناو بردو نەی هیشـت سەر دەربهێنێ و بلاو بێتەوە .

لەسالی ۱۹۳۵ـ۱۹۳۸ ز . هێرشی نیشتمانی ئەم ناوچەیە پەرەی سەند ، وەلەگەل هەندێ لە ئەفسەرە نیشتمانیەکانی کوردستانی عیراق پەیوەندیان پەیدا کرد وەکو ئەفسەر « ئەمین ڕەواندزی » و قـابقی کاکە ئەمین .

لە ١٦ ی سەبتەمبەری ۱۹٤۲ نوێنەری پارتی هیوا لە کوردستانی عیراقەوە کاپیتان میرحاج گەیشتە مەهاباد وەکەوتە گفتوگۆ لەگەل هەندێ لە نیشتمان پەروەرەکانی مۆکریان بەنهێنی . هەرلەوکانەدابوو کۆمەلی ژیانەوەی کوردستان دامەزرابو .

( ولیەم ئیگلتن ) کە یەکیکە لە شارەزاکان لە بزوتنەوەکانی کوردستان

نووسیوبەتی کەلە سەرەتاوە ئەندامانی ژیانەوەی کۆمەڵی ژیانەوەی کوردستان ئەمانە بوون [ مەلا عبدالله داودی . قادر مدرسی ، عبدالرحمن حلوی . عبدالرحمن زەبیحی ، ئەحمد إمامی قاسم قادری ، عزیز زەندی ، محمد نانەوازادە . محمدآمین شریفی . حسین فردهر ، محمد یاهو ) .

بەم جورە لە کونەوە کوردی موکریان گیانی نیشتمان پەروەریان وەك ئەستێرەیەکی گەش هەر لەناودا بووە . وە بەهیچ هێزێکی داگیر کەر ریشەکێش نەکراوەو لەناونەچێت ، جا ، زوو هەڵ بداتەوە یا درەنگ ، خەلکی ئەم ناوچەیە هەموو وورباو ژیرو زرنگەو خاوەن بیرو هۆشن ، هاوڕێی زانیاریو هونەرو خۆش نووسینن ، وە لەگەڵ ئەو هەموو چەوسانەوەیەدا کە بەدرێژایی مێژوو لەگەلیان کراوە زور نووسەرو شاعیرو زانایان تیا هەلکەوتووە .

# ٢ــ ٥ مەهاباد ـ سابلاخ :

وەك باس كرا مەهاباد جەرگەی پەیوەندی و بزوتنەوەی هەستی نەتەوایەتی هەموو هەرێمی موكریانە ، شـــاری مەهاباد زیاتر لە « ٣٥ » هەزار كەس ژمارەی دانیشتوانی‌یەتی ، بەچوار كێو دەوره دراوە ( لە ڕۆژهەلاتەوە ، داشامەجید ، خوارەوەی ، علبەوا . سەرووی ڕۆژ ئاوای خزامی ، ســەرووی ڕۆژدەلات كێوی « قولقولاخ » ە .

مەیدان و بازاری ڕازاوەی تیایە ، بێجگە لە قوتابخانەی نوێ‌گەلێ قوتابخانەی ئاینی تیایە . لە مزگەوتە بەناوبانگەكانی ، مزگـــەوتی جامعە ، قازی ، مەلایحیی ، گورگان ، بایەزید ، سید نظامی ، شادەرویش وە هەندێ تەكیەی تری تیایە ،

● دڵە واشاری مەهابادە وەرە
كایەتە . ڕۆگەتە ، كڕنوشی بۆ بەرە
تۆزێ لەوخاكە بەسەر خۆتـا كە
تـۆزی پــیرۆزە لـە دنـیا ناكـە
تـۆزێ چـــاوی دڵـی نـــا بینایە
لێرە كل بۆ ، كلەكەی سینایـــە

لەچێ ناوی مەهاباد بێنێ
بۆ هەموو چاوی بەرزدە نوێنێ

ہ ہ ہ

گەرچی کەوتینەوە بەر چنگەوڕی دەل
گەرچی هێندێک لەچەمت بونەچەقەل

زۆری کوڕی وات هەبۆو خۆیاب بەخشی
خوێنی گەشیان گڵی تۆی پێ نەخشی

کوڕی پیرۆزی حسێن و قازی
باشترین بەڵگەیە بۆ شانازی

[ هەژار موکریانی ]

# ٣ـ( قازی محمد )

شەهید قازی محمد کوری قازی علی کوڕی میرزا قاسم کوڕی میرزا ئەحمەدە . لە ساڵی [١٩٠١] ز (١) لە شاری مەهاباد لەدایك بووە ، دایکی لەتیرەی فیض‌الله بەگی‌یە . کەئەوانیش لەمێژەوە ناوبانگیکی گرنگیان بووە لە وولاتی موکریاندا .

پێشەوا لە ٢١ مارت ١٩٤٧ بەدەســـتی کۆنە پەرستانی ئیران لە مەهاباد وەلە مەیدانی [ چوارچرا ] لە سێدارە درا لەگەڵ هاوڕێکانی لە پێناوی ئەو بیرو باوەڕەی کەلەگەڵ خوێنیا تیکەڵ بوو ، وەلەسەر ئەو سوێنەی لە کاتی خۆیا خـواردی . کەتا دوا هەناسەی لەگەڵ خەڵکا بێت .

قازی محمد پیاوێکی ، کەڵەگەت ، چوارشانە ، وەبە خووە بوو . ریشیکی تەنکی کارەبایی هێشتبووەوە . هەمیشە زەردە خەنەبەدوو لێویەوە دیاربوو روخۆش‌و لەسەر خوو هێمن بوو جل‌و بەرگێکی سادەی مەلایانەی لەبەر نەکرد ، کە ئەگەر ناپەلەدێك چاوی پێ بکەوتایەوای ئەزانی مەلای لادێ‌یەکی ئەو وولاتەیە .

---

«١» هەندێ نووسەر مێژووی لەدایك بوونی بە١٨٩٣ نووسیوە بەلام بەگوێرەی نووسینی دکتور رحیم قازی «١٩٠١» راستترە .

هەموو علومی ئاینی « ١ » تەواو کردبوو . وەهەر لەسنوری ئەو علومانەدا ، نەوەستابوو بەلکو لەزانیاری نوێدا دەستێکی بالاو پایەیەکی بەرزی هەبوو ، وەلە خوێندنەوەی بەڕاوی بێگانە درێغی نەئەکرد ، تەنانەت زمانی رووسی و ئینگلیزی ی بە گفتوگو خوێندنەوە زانیوە .

لەو سەردەمەدا کە بۆ یەکەم جار قوتابخانەی تازە لەمەهاباد کراوە - ئەوە قازی محمد کراوە بەسەروکی فەرهەنگی ئەو ناوچەیە ، بێ ئەوەی پارەتیو مووچە لەمیری وەرگرێت . وەخەلکی زۆرمان ئەدابۆ فێر بوونی زانیاریو هەموو جورە هونەرێك . پیاوێکی پێش کەوتوو و دلپاك بوو ، بەرهەلستی عەشیرەت گەری زور بەتوندی کردوە ، بەو بۆنەیەوە زورجار دەرەبەگەکان دوژمنایەتیان لەگەلا کردووە چونکە هەرگیز لایەنی رەنجبەران و جوتیارانی کوردی بەرنەداوە : گیانێکی دیموکراتیو نیشتمان پەروەری ، کارێکی گرنگی کردبووە سەر هەستو بیرو باوەڕی .

بەرەو بنەماڵەی قازی محمد هەر لەسەرەتای شەری جیهانی یەکەمەوە ناوبانگیان دەرکردووە لە موکریاندا ، قازی محمد لەدوایی‌دا بە هۆی

---

«١» [ نحو ، صرف . منطق ، بلاغه . ئاداب . حکمت . وضع ، عروض ، ریاضیات ، فلکیات ، کلام ، فقه . کەهەریەکە چەند کتیبێکی تایبەتیان بۆ دانراون ]

چالاکی و وریایی خۆیەوە توانی ئەم دەسەلاتە مەعنەوییەوە سەرانسەری کوردستانی ئێرانی پێ بگرێتەوە . ئەم بنەماڵەیە بەلای زور بەی کوردەکانەوە بەرێزو خوشەویست بوون پیاوی هەڵکەوتوو وناوداریان زور بووە وەك میرزا فەتلحی قازی کەلە پێناوی هینانی یاسای دەستووری [ مەشروط ] دا زور تیکوشاوە بەو بونەیەوە ماوەیەکی زورلە ناران لە زیندانا بەندکراوە چونکە لەدژی رژێمی دکتاتوری ئەو سەردەمە خەباتی کردووە . پیشەوا هەر لەسەر ڕەویەی باوك و باپیرانی بەردەوام بوو : وە ڕابوردووی خاوێنی ئەوان پاڵی پێوەنا کە زیاتر لەڕێی وولاتی کوردستان تیکوشان بکات . لەساڵی ۱۹۳۸ ز ( کە قازی علی ) باوکی کۆچی دوایی کرد ئەرکی سەرشانی زیاتر بوو وەکرا بە قازی مەهاباد لەڕاستیدا هەرچەندە بەمیرات بوو ، بەلام خوی زۆر شایستەی ئەوپایەیە بوو . وەتوانی بەشیوەیەکی ڕێك وپێك فەرمانەکانی جێ بەجێ بکات .

## ٤. نموونەیەك لەتیکوشانی

لەپێش ئەوەدا کومەڵەی ژیانەوەی کوردستان بێتە کۆڕی خەباتەوە ، قازی محمد لەسییەکانی ئەم سەدەیە [ ثلاثینیات ] پەیوەندی بە[ حزبی خویبون ) دووەهەبووە کەلەساڵی ۱۹۲۷ ئەم حزبە لەکوردستانی تورکیا بەهاوکاری [ احسان نوری پاشا ] شۆڕشیان بەرپاکرد .

هەر وەها لەکاتیـــکدا [ ژ . ك ] ژمارەی ئەندامانی لە « ٢٠ » کەسیك تێپەریان نەئەکرد پەیوەندیان کرد بەقازی محمدەوە ئەویش بەدلیکی خاوێن و نیازێکی ڕاستەوە چووە ڕێزی تێکوشان لەگەلیانا پاش ماوەیەك ، زور لەئەندامانی دامەزرێنەرو سەرکردایەتی لەناو چەکانی کەدا بلاو بووتەوە ، بۆ ئەوەی لەهەموو لایەك ئامانج و بەرنامەی « ژ . ك » بکەێنن بەخەلك و ڕیشە داکوتێ .

هەر وەها پەیوەندیان کرد بە کوردستانی تورکیاو عیراقەوە وەبو ئەم مەبەستە « محمد ئەمین شەریفی » ئەندامی سەرکردایەتی کەوتە گفتوگو کردن لەگەل چەند نیشتمان پەروەرێکی کوردستانی عیراق وەکو یونەتەوەیەکی ســـێ قوڵی لەنیوان مەلاوەهاب نوێنەری کوردەکانی تورکیا وە شیخ عەبداللە نوێنەری کـوردەکانی عیراق وەقاسم قـادری ئەندامی دامەزرینەری ( ژ . ك ) لەسەر سنوری هەرسێ بەشـــی کوردستان . لە ئەنجامدا چەند بڕیارێکی گرنگیان مۆرکرد ، کە بریتی بوو لەوەی دەستی یارمەتی بۆ یەکتری درێژ بکەن وەپەیوەندی تەواویان لەنیواندا بەهێزبیت لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا تا لە پاشـــەروژدا گەلی کورد ڕزگـار کەن ، وە مـافی نەتەوایەتی خۆی وەر بگرێت .

هەر وەها توانیان گۆڤاری ( نیشتمان ) یەکەم ژمارەی لەحزیرانی ١٩٤٣ بەشیوەیەکی جوانو ڕێك وپێك لەچاپ بدەنو بلاوی بکەنەوە،

بەو جورە هەموو مانگێك هەموو بەرنامەو وێژەو مێژووی رابوردوی کوردی تیا بنووسن و بە خوێندەواری کوردی بگەیەنن .

کۆمەڵی « ژ . ك » لەسەرەتاوە بەنهێنی خەباتی ئەکرد تاتوانی ئەندامانی زور بکات وەلەسەر بیرو باوەڕێکی ڕاست وەلەپێناوی ڕزگاری کورد تێکوشانی ئەکرد .

لە کاتێکدا ڕژێمی تاران هێشتا لەگەڵ خوفروشەکان و هەندێ «٣» لەخاوەن زەوی‌وزارە گەورەکان دەسەلاتیان مابوو لەبەرگری کردنی خەڵکی و قەدەغە کردنیان لە هاوکاری کردن و یارمەتی دانی کۆمەڵی «ژ.ك» تەنانەت لەناوچەی شـــاروێران ئاغایەك گوێی پیاوێکی بڕیبوو چوونکە ووتبوی لەسەر هەموو کوردێك پێویستە بەدڵێکی خاوێنەوە بچێتە ناوکۆمەڵی ژ . ك بو رزگاری کوردستان لەژێر چەپوکی داگیرکەران و کونە پەرســـتان . بەلام لەگەڵ ئەو هەموو قەدەغەیەلاوان و خوێندەواران گوێیان کەڕبوو لەعاستی نوکەران و دەرەبەگەکان ، وەبەدڵێکی خاوێنەوە ئەهاتنە ڕیزی ئەندامە تێکوشەرەکانی ژ . ك . لەوانە دووهاوڕێ بەناوی ( شێرکۆ ، بێوەت ) بەو نیازەوە بەرەو مەهاباد کەوتنە ڕێگا پاش ماوەیەك بەپیاوێك گەیشتن لەکومەڵی ژیانەوە بوو بەرو خوشیەوە بەخێرهاتنی کردن ئەوانیش ، ولامیان دایەوەو لێیان پرسی ئایا ئێمەچون ئەتوانین پەیوەندی بە کـومەڵەوە

«٣» پێشمەرگە ـــ نووسینی دکتور ڕەحیمی قازی .

بکەین تاکو شانبەشانی ئەندامەکانی پێویستی سەرشانی خۆمان جێبەجێ بکەین ؟

میرزا قوتیاس ووتی من ئەندامێکی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانم . وە ئەتوانم بەئاسانی ڕێگاو شوێن بۆ ئێوە دابنێم ، وائێستە منیش بۆ مەهاباد ئەڕۆم لەگەڵم وەرن . هەر سێکیان بە دڵێکی پڕ لەهیواو ئاواتەوە کەوتنەڕێ ، ئێوارە وەختە نزیکی شار بوونەوە میرزا ووتی باوو چانێك لەباخی قازی بدەین . تا دنیا تاریك ئەکات ، پاش ئەوە ئەچین بۆ ماڵی کاك سوار کەمەردێکی تەواوە ئەندامێکی بەرزی دڵسۆزە وەمن پەیوەندیم لەگەڵ ئەوا هەیە . پاش ئەوەی دنیا تاریك بوو هەر سێکیان رووبە ماڵی کاك سوار دەستیان کرد بە ڕۆین . وەمیرزا هەردوکیانی پێشکەش کرد وەچەند گفتوگۆیەکیان دەر بارەی ڕێکخستنی ناوی نەهێنیەوە درێژە پێدا لەئەنجامدا کاك سوار ووتی سبەی شەو [ ئاذەروە«۱» برا ] ئەبەین بۆلای (کاك بینایی ) هەندێ لەهەڤاڵەکانی ترمان لەوێ ئەبن تابزانین چیمان بۆ دیاری ئەکەن .کومیتەی سەرکردایەتی کۆمەڵی ژ.ك لەچەند هۆدەیەکی پیاوێکی دەوڵەمەندی نیشتمان پەروەردا کوبوونەوەیان ئەکرد ، کەئەم پیاوە لەفەرمان ڕەوایێدا ڕەزاشادا زورجار تووشی

---

«۱» ناوی نەهێنی شێرکو وپێروت بوون هەروەها ( کاك بنیایی) ناوی نەهێنی قازی محمد بوو .

گیرو گرفت و چەرمەسەری بوو بو ، وەیارمەتی یەکی دلسوزانەی کومەلەی ئەداو ، وکەم کەس گومانی پێ ئەکرد . بۆیەی شەو هەرچواریان میرزاو ئاذەر وبرا ، کاك سوار بەرەو جیگای کۆبوو نەوەی ئەهرێ کاك بینایی رویشتن .

کاك ســوار ووتی ئیوه لەم کۆلانەدا ڕاوەستن تامن ئەرۆم و ئەگەرێمەوە بولاتان ئەوسا هەموومان ئەچینە ژوورەوە . پاش ئەوەی کاك سوار ئەگەڕایەوە هەموویان ڕۆیشتن وتەقەیان لەدەرگاداو بویان کرایەوە ، بەژێر خانیکی تاریكدا چوونە ژوورەوەو سەرکەوتن تا گەیشتنە ژووریك چرایەکی کزی تیاداگیرسابوو وەکەسی تیانەبوو ، پاش ماوەیەکی کەم پیاویك هاتە لایان ووتی شەوتان باش . کاك سوارو میرزا دەست بەجێ هەستانە سەرپێ ئاذەرو برا ئەوانیش بەچاو برین لەوان هەستان چوونکە قازی محمدیان ئەئەناسی هەرچەندە ناو بانگیان بیسبتوو کاك سوار ووتی قوربان ئەو دوولاوەی باسم کردن ئەم ئاوانەن ناوی ئەهینێ وئاشکرای هەردووکیانی پێ ووت . کاك بینایی پەردەیەکی هەلدایەوەو لەناو تاقێکدا نەخشەیەکی هینایە خوارەوە ودەستی کرد بەباس کردنی خاکی کورد کە چون تائیستا بەبەش کراوی ماوەتەوە ؟ وەهوبەکانی چی یە ؟ وەچۆن لەدوا رۆژدا ئەتوانین یەکی بخەینەوەو ، وولاتیکی سەربەخوی خاوەن سنوری لێ پێك بهێنرێت .

پاش چەند گفتوگویەکی تر کوبۆونەوەی ئەو شەوە تەواوبوو وە هەموویان هاتنە دەرەوە . هەرلەو ماوەیەدا روژێك بلاو کرایەوە کە قازی محمد لەمەیدانی چوار چرا ووتارێـــکی ئەدا . پاش ئەوەی خەلکیکی زور بۆگوێ گرتنی کوبوەوە ، کاتێ پیشەوا چووە شـــەر شوینیکی بەرز ، ئاذەرو برا لەپیاویکیان پرســـی کەلە نزیکیانەوە وەستابوو گوێی لە ووتار ئەگرت . ئەرێ براکیان ووتیان قازی محمد ووتار ئەدات خۆ ئەوە ئەونیەئەوە هاورێی ئیمەیە ، ئەویش کەبۆی دەرکەوت ئەو دووکەسە خەلکی مەهاباد نین وەنەشارەزان ووتی ، بەلێ ئەوەیە قازی محمد کە ئەمەیان بیست لەبەر خویانەوە شـــەرم دایگرتن و سەیری یەکتریان ئەکرد . چوونکە لەکاتی کوبوونەوەدا بە گوێرەی پێویست رێزیان نەگرتووە بەهەر جور بوو ئەوانیش گوێ یان شل کرد تا ووتارە بەنرخەکەی تەواوکرد . دوایی ئەوانیش لەگەل هەموو خەلکی بلاوەیان کرد . برریارواوبوو کەسبەی شەوی ئەوروژە لەگەل کاک بینایی کۆ بینەوە وەلا جاران ، بەلام بەکاکسواریـان ووت ، ئیمە تائەمرو ئەمان زانیوە کاک بینایی پیشەوایە ، ئەمجارە کەبچینەوە بولای شەرم دامان ئەگرێ ، کاك سوارهاتە زمان هەتاخوا حەز بـکات خوی بەسادە ئەگرێ هەرکاتێ بچنەوەلای نەکەن شەرم بکەن ، لەوئیوارەیەدا کەبەیەك گەیشتین لەشوێنی جارانذا ، کاك بینایی دانیشتبوو ویشتیان دەستی ماچ کەن بەلام ئەدەغەی کردن

وەنەبەهەشت وەنەرەووی دانیشن. گوتوپر کاك پیروت خوی نەگرت ووتی قوربان جەنابی قازی لێمان ببوورە تا ئەو کاتەی ووتارەکە تەمان ناسیویت. ئەویش ئەمەی پێ ناخۆش بوو، پێی ووتن ئەوە لەکەیەوە بوئیرە بووم بەجەنابی قازی، مەگەر ناوی منتان لە بیر چووەتەوە. من لای ئیوە ناوم کاك بینایی بە. ئەك جەنابی قازی، وەبەس تەنیا مەبەستم ئیوەنیە. بەلکو هەموو برادەرێك پێویشتە ناوی ئەهێنی بەکار بینی ئەوەك دوژمن شارەزایی پەیدا کات بەسەر ناوی ئەندامانی کۆمەڵەی ژ. ك. براکانم منیش وەك ئیوەم هیچم لەئیوە زیاتر نیە لەمەولا ئەگەر هەر وەك دەستە برایەکی خۆتان سەیرم نەکەن لێتان دلگیر ئەبم، ئەوسادەیی و گفتوگو شیرینانەی کاك بینایی پەردەی شەرمی لەرووی ئاذەرویرا لابرد. لەپاشان بە درێژی باسی مێژووی کوردو چەند ئامۆژگارییەکی تری کردین، بوبەیانی رویشتن بۆ ناوچەی « تەرگەوەر » بەفەرمانی کاك بینایی(٥)

پاش ماوەیەك ئەندامانی سەرکردایەتی هەموو بریاریان لەسەر ئەوە دا، کە قازی محمد ببیت بەسەرۆکی کۆمەلی ژ. ك. هەرچەندەلە ئەندامانی دامەزرینەر نەبوو، بەلکو لەبەر دلسوزیو زیرەکی وزمان زانی ئەویان هەلبژارد، وەنەبێ بەهەلەدا چووبن چونکە تادوا

---

«٥» لیرەدا وەوگیراو لە [ پێشمەرگە ] نووسینی دکتور رحیم قازی دوایی هات.

هەناسەی لەوڕێیەدا بە نیازێکی بێ گەرد بەردەوام بوو ، هەر وەها زور لەپیاوە ئاینیەکان هاتنە ریزی تێکوشانی کومەڵەوە ، وە زور لەوپیاوە ئاینیانە بەناو خەلکا بلاویان کردەوە کەئەوەی یارمەتی کومەڵە ئەدات تووشی گوناه ئەبێت .

چوونکە بورزگاری نیشتمان‌وکوردستان خەبات ئەکات . بەو جورە لەناو ڕوشن بیران‌دا ئەم‌بیرو باوەڕە تاڕادەیەك جیگیر بوو وەڕیشەی داکوتا . لە تشـــرینی دووەمی ١٩٤٥ ز قازی محمد لەگەڵ چەند کەسیکی تر لەئەندامە بەرزەکان بانگ‌کران بو « باکو » لەیەکیەتی سوڤیەت بۆ گفتوگو کردن لەگەڵ نوینەرانی ئەوێ بەســەروکایەتی « جعفر باگروف » ، پاش چەند کوبوونەوەیەك لـە نیوان هەردوو لادا چەند برریاریکیان موّرکرد . لەو برریارانە ئەوە بوو بەپیشنیاری پێشەوا ناوی کۆمەڵی ژیانەوەی کوردستانیان بەکۆمەڵی دیمکراتی کوردستان گۆڕی ، چوونکە قازی محمد لەو باوەرەدابوو کە دیمکراتیەت تیکەڵ بەبزوتنەوەو جوولانەوەی گەلی کـورد بکریت ، تابەشیوەیەکی فراوان ، دەرگا لە جوتیاران و کریکاران بکریتەوە بۆ ناوکوری تیکوشان‌و خەبات . وەهەتا کومەلە پیویستیە میژوویەکانی سەرشانی بەشیوەیەکی ڕیك وپیك جێبەجێ بکات وەبەرنامەو یاسای

نوێ بوئەم مەبەستە دابنێت «٦» .

پاش گەڕانەوەیان . ئەندامی کۆمەڵی ژ . ك و زور لەخـــەلکی مەهابادو ناوچەکانی ترو هەندێ لەسەرەك هوزەکان بانگ کران ، بەو بونەیەوە کوبوونەوەیەکی گەورە کرا وە هەموویان برریاریان لە سەرناوی تازەی کومەلەدا ، وەقازی محمد بـلاوی کردەوە . کە بەرنامەی نوێی کۆمەڵەی دیموکراتی کوردستان بەم جورەی خوارەوەیە کەبنچینەی کۆماریکی دیموکراتین ۰

١ــ لەسەر کۆمەلی دیموکرات پێ ویستە هەوڵ بداتو تێ بکوشێ بوبەوکردنی دوستایەتیو برایەتی لەگەڵ دانیشتوانی ئاذەربایجان ومەسیحیەکان تاکو هەردوولا یارمەتی یەك بدەن بوبەرگری لـەدژی چەوسینەرەکانی گیانی نەتەوایەتی یان .

٢ــ هەموو توانایەك تەرخان بکەن بوبلاوکردنەوەی زانیاری وپاریزگاری باری ئابووری و تەندروستی .

٣ــ پیش خستنی بازرگانی ناوخو ، ئالووگۆڕ کردنی لـە دەرەوەی وولات ، هەروەهـا هینانـی کارگـە و پێویستیەکانی تری وولات .

---

«٦» نەبوونی یەکیەتی وکەمو کوری باری زانیاری کاریکی گرنگی کردە سەر جیبەجی نەکردنی ئەو بەرنامەیە لە ئەنجامدا . بەلام مانای ئەوەنیە کەئەو بەرنامەیە چەوتو بێ نرخ بوویت .

وەزەویوزار دابەش کردن بەسەر جوتیاران و فێرکردنیان لە سەر تازەترین ڕێگای پەرەسەندنی کشتوکاڵ وەزۆر کردنی تراکتورو هۆیەکی تری پێش خستنی هەموو جورە چاندنێک .

٤ــ لەسەر هەموو کوردەکانی ئێران پێویستە ئامادەبن بۆ تێکوشان و خۆیان بخەنە ژێر فەرمانەوە بو دامەزراندنی کوماریکی خۆیی ودیموکراتی لە کوردستانی ئێران دا ، وەئیش و کاری ئەم کومارە هەموو بەدەست خۆیانەوە بێت ، وە هەموو فەرمان بەرانی کورد بن .

٥ــ زمانی کوردی ڕەسمی بیت لە وولاتاو لە هەموو فەرمانگە و قوتابخانەکان داو لەهەموو پولیکدا .

٦ــ ئەنجومەنی تازە هەلبژێرن بەگوێرەی یاسای نوێ لەهەمو هەرێمەکانی کوردستاندا بوئەوەی چاودێری هەموو ئیش وکاری وولات بکات بەشیوەیەکی ڕێک وپیک .

[ بەشی دووەم ]

## ١ـ « هەلکردنی ئالای کوردستان »

کومەلی دیموکرات لەفەرمانەکەی خوی دوانەئەکەوت وئیش و کاری خەلکی ناوچەی جیبەجی ئەکرد بە ووردی وە روژ بە



پێشەوا [ قازی محمد ]
لەناو دروشمی سەرەکی
کۆماریدا .

رۆژ زیاتر پەیوەندیان بەتارانەوە کەمتر نەبوو لە رۆژی ١٦/١٢/١٩٤٥ خەلکێکی بێ شومار لە مەیدانی [ چوارچرا ] کۆبوەوە وەبەو بۆنەیەوە ئاهەنگ و زەماوەندێکی گەورەیان بەرپا کرد ، کە هەموو خۆشیو ئاوات و بەختیاری بوو . لەو رۆژە مێژوویەدا قازی محمد بلاوی کردەوە کەلە ئێستەوە وولاتی موکریان لە رژێمی کۆنە پەرستی تاران جیا بووەوە ئەمەش نموونەیەکە بۆ هەموو بەشەکانی تری کوردستان وە تۆویکە بوو یەکگرتنی هەموو کورد . بەو جورەوە بە دلێکی پرر لە هیوای تینوی سەدان سالەی ئەم کەلە .

ئالای رژێمی تاران لەسەر هەموو فەرمانگەو قوتابخانەکانەوە داگیرایە خوارەوە ، وەلەجێی ئەوا ئالای کوردستان هەلکرا ، ئالاکە لە سەرەوە سوور ، لە ناوەڕاستا سپی . لەخوارەوە سەوز . لەناو سپی یەکەدا کە چوار ئەوەندەی هەریەکە لە بەشەکانی تر ئەبوو نیو کورە رۆژێک کە دوو گولەگەنم لەملاولەولایەوە بەرەنگی زەرد هەبوون وەبە سەریەوە پێنوسێك هەبوو لەسەراووردی هەموویانەوە نوسرابوو [ دەولەتی جمهوری کوردستان ] ئەم ئالایە لە هەموو ئەو ناوچانەدا کەلە ژێر دەسەلاتی کۆمەلەو سوپای شورش گیرا بوون هەلکرا بە ئاهەنگ و ووتارو هەموو خۆشی یەکەوە .

لەشاری بەغدە کاپیتان محمد قودسی لەکاتی هەلکردنی ئەم ئالایە ووتاریکی میژوویی بەنرخی بەم بۆنەیەوە لەناوخەلکیکی زوردا خویندەوەو ، ووتی گەورەکانم . ئەی گەلی بەشەرەف خوشەویستان ئەی کریکار : جوتیار سەپان وپالەی بەنرخ ، روژ بەسەر شورشی پیروزی میللی کوردا هەلهات ئەمروگەورە ترین وپیروزترین روژە . بویە ئەبینین هەلوی بەهیزی کورد بە چنگی ئاسنینی خوی ئەو ئالا پیروزە هەل دەکات .

برایان پیروزبایی خومو گەلی کوردستان پیش کەش ئەکەموە پیروزبایی هەموو میللەتیکی براو ئازادی خوا ئەکەم ، هەروەها ووتی . ئەی گەلی کورد ئەزانی ئەم ئالایە چی ئەلیت؟

ئەلی ی رەنگی سوورم نیشانەی جەنگاوەری و ئەبەزی گەلی کورد ورەنگی سپیم نیشانەی خاوینی و دلپاکیەتی کە میللەتیکی نەجیبە وگیانیکی راستی هەیە .

رەنگی سەوزم هاوار ئەکات خاکی کوردستان پڕ لەدەغل و دان و زیڕو زیوە ، هەروەها ئەلی واروژی سەر بەستیمان هەلهات . دووبارە ئەی جوتیار ئەو دو گولە گەنمە نیشانەی تویە تۆش هەول بدە بو بەرهەم هینانی بەرو بوومی وولاتەکەت .

پی نووس هاوار ئەکات بو پەرەسەندنی زانیاری و هەموو جورە

خویندەواریەك لە ناوگەلدا .

## ٣ــ [ هەلبژاردنی قازی محمد ]

( بەسەر کژمار ) «٧»

لە روژی ٢٢ی کانونی دووەمی ١٩٤٦دا کوبونەوەیەکی زیاتر لە ٢٠ هەزار کەسی پیك هاتووە دامەزرانی کوماریکی دیموکراتی لەبەشیکی گرنگی کوردستانا بلاو کرایەوە بە سەروکایەتی قازی محمد ، کوماریکی پیشکەوتوی ساوا ، بوهینانە دی پاشە روژیکی روونو پرر لەبەختیاری بوگەلی کورد کە سالەهای سالبوو چاوەرێی روژیکی وابو ،. بەو جورە لە مەیدانی ( چوار چرا ) دا کە رەنگین کرابو بەئالای کوردستان وەبە شـیوەیەکی جوان رازابووەوە کە شایانی روژیکی میژوویی وابیت .

پیشەوا بەجلو بەرگی ژەنەرالیەوە لە شوینیکی بەرزکە بە تایبەتی بو ئەو روژە دروست کرابوو وەلەهەموو خەلکەوە دیاربوو . تاقیکی رازاوە کە بەگولو ئالای وولات وینەی سەروك

«٧» هەر چەندە هەندێ نووسیویانە لە ٢٦ کانونی یەکەمی ١٩٤٥ دابوو بەلام زور لە گوڤارو روژنامـەی تر نووسیویانە لە ١٩٤٦ بووە .

نەخشێن کرابوو . لەو شوێنەدا راوەستابوو فەرمووی( واتە مرۆ
کەلی کورد توانی کۆماریکی خویی پێك بهێنێت و بتوانی وەك
گەلێکی سەربەخۆ لەخاکی خویا بەئازادی بژی .
هەر وەها فەرمووی با ئیمەش تەکانێك بەخومان بدەین وەدوای
خوێندن و صنعەتی کەوین . فەلاحەت و کشت وکالی وەك خەلکی
لی بکەین . وەمیللەتمانی پێ دەولەمەند کەین ، کارخانان
بینێن ، ئەو هەموو کانگاو مەعدەنانەمان باوەدەر خەین وەبە
صەنعەتی ئەوانە وولاتی خومانی پێ برازێنینەوە ئیمە چــی
قازانجی میللەتی کوردی تیدایە دەبێ بیکەین . وە سەعیش
بکەین نەتیجەی هەول و تەقەلاکەمان وابــیت کەلە پیش دا
رەچاومان کردەوە ، جا ئەگەر وا دەرنەچوو ئیمە وەزیفەی میللی
خومان بەجێ گەیاندووە . وەنابێ نائومیدیش ببین . )دلی خەلکەکە
هەموو وەك گول گەشـــایەوە بەم ووتارە بە نرخە لەو روژە
پیروزە دا - ئینجا «٨» محمد حسێن سەیفی قازی ئەویش بەجل و
بەرگی ژەنەرالیەوە وەتەنیشت پیشەواوە راوەستا هەلبژاردنی
قازی محمدی بەســەرکومار بلاو کردەوە بەرەزامەندی هەموو
چینەکانی گەل ، دووبارە سەرکۆمار سوپاسی هەموو خەلکی
کرد بو ئامادە بوون و هاتنیان بۆ ئەم ئاهەنگەو ئەویان هەلبژاردو

«٨» شورشەکانی کوردو کۆماری عیراق لاپەرە ٨

جیی باوەری هەموویانە و لێی دڵنیان ، سەر بازانی کوردو قوتابیان نمایشێکی ( استعراضی ) ڕێكو پێکیان بەوبونەیەوە گێرا لە دوای کوتایی ئەم ئاهەنگە مێژووییە ، خەڵکەکە هەموو بڵاوەیان لێ کرد .

پاش ئەوەی قازی محمدیان بەسەر کومار هەڵبژارد ئەویش کەوتە ڕاوێژو گفتوگو لەناو ئەنـدامانی کومەڵی دیموکرات و هەندێ لە نیشتمان پەروەرەکانی تر بو پێك هێنانی وەزارەتوەلە روژی ١٩٤٦/٢/١١ وەزارەت بەم جورەی خوارەوە دانرا :

١ـ حاجی بابە شیخ — سەرەك وەزیران
٢ـ محمد حسین سیف — جێگیری سەرەك وەزیری بەرگری
٣ـ مەنافی کەریمی — جێگیری سەرەك وەزیری پەروەردەو زانیاری
٤ـ محمد أمین معینی — وەزیری ناوخو
٥ـ عبدالرحمن ئیلخانیزادە — وەزیری دەرەوە .
٦ـ محمد ئەیوبیان — وەزیری تەندروستی .
٧ـ محمود وەلی زادە — وەزیری کشتوکاڵ
٨ـ خلیل خەسرەوی — وەزیری کارو فەرمان
٩ـ ئەحمد ئیلاهی — وەزیری ئابدوری

| | |
|---|---|
| ١٠- ملا حسین مەجدی | وەزیری داد |
| ١١- موستەفا داودی | وەزیری بازرگانی |
| ١٢- صدیقی حیدری | وەزیری ڕابەری |
| ١٣- اسماعیل ئیلخانی | وەزیری ریگاوبان |
| ١٤- کریم ئەحمەدی | وەزیری پوستەو تەلەفون |

ه • •

## ٣ « سوین خواردنی »

وەك لە هەموو وولاتیکا باوە سەروکی نوێ یا هەرفەرمان ڕەوایەکی بەرز پیویستە سوین بخوات کە وەك شتیکی قانوونی و دەستوری یە ، لەبەر ئەوە پیشەوا فەرمانی دا بەئەندامانی کومیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی ئەنجومەنی وەزیران ئامادە بن بوئەم مەبەستە ، قورئانی پیروزو ئالای کوردستان بەدەست وەزیری داد مەلا حسین مەجیدیەوە بوو ، پیشیان کەوت تا ژووری قازی محمد دەست بەجی ئەویش هەستایە سەر پێ وە بەوگەکەی لابردو هەموو ئەندامان و وەزیران بە پیوە ڕاوەستان ، پیشەوا ئەم سوینەی خوارد [ سوین ئەخوم بەخواو قورئانی پیروز ، وەبە نیشتمان شەرافەتی قەومی کوردو بە ئالای پرر لە ئیفتخاری کورد ، تا دوا هەناسەی ژیانم وەتا

دوا ئنوکی خوێنم بەگیانو بەماڵ لەرێگەی مانەوەی ئازادی کۆرد و بەرز گردنەوەی ئەو ئالایە ، کە مایەی شانازی هەموو کوردیکە کوشش بکەمو دوانەکەوم . وە بەسەروکی کۆماری کوردستان و یەککرتنی کوردو ئاذەربایجان ئیفتخار ئەکەم کوشش ئەکەم بو مانەوەی ئەم ئامانجە ] .

دوای ئەوە ئەنجومەنی وەزیران و هەموو ئەندامەکانی کومیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی برریاریان‌دا کە ئەوانیش بە نیازیکی خاوێنو دلیکی پاکەوە هەموو کوسب و گیرو گرفتێك چاربکەن کە لەکاتی هەڵسورانی ئیش‌وکاردا دێتە ڕێ یان وەهەوڵو تەقەلا بدەن بوبەختیاری‌و ئازادی نەتەوەی کورد کە دەمیکە چاوەڕێی ئەم روژەیە .

[ بەشی سێیەم ]

## ١ [ گرنگترین فەرمان ]
## [ لەسەردەمی کوماردا ]

پیك‌هینان و دامەزراندنی کوماریکی کوردی لە ئیران‌دا بە سەروکایەتی قازی محمد ، گەورەترین کوڕانیك بو و لەمیژووی نوێی کەلی کوردا ، هەلهاتنی روژیکی روون‌بوو کەبەتیشکی زیرینی ریکای تاریکی بو روون کردینەوە کە هەر چەندە

ماوەیەکێ زورێ نەخایاند ولەناوبراو . بەلام هەموو کاتی بە یاد کردنەوەی سوود وەر ئەگرین وە هانمان ئـەدا بو تیکوشان، بو پیك هینانی کوماریکی دیموکراتی یەکگرتو وە هەموو بەشەکانی کورد یەك بخات لە پاشە روژدا .

ئەم کوماره دەنگیـکی وای دایەوە کە تەختی نوکەران و ئیمپریالیستەکانی هینایە لەرزین وە لەماوەیەکی کەمدا توانی بە سەروکایەتی قازی محمد و تیکوشانی کومەلی دیموکـرات زورلە فەرمانەکانی سەرشانی جیبەجی بکات وەك —

١ ـ پەرەدان بە پەروەردە و زانیاری لەهەموو ناوچەکەدا ، پیشەوا لە ســەرەتای بلاو کردنەوەی لە دایك بوونی کومار قوتابخانەیەکی بەرزی بو کچان کردەوە ، لەناو کوری زەماوەندیکی گەورەو ئاهەنگیکی پرر لە شادمانیدا . وە دەست کرا بە کردنەوەی قوتابخانەی نوی لەزور شویندا ، بەرنامەوپەرتوك پیویستی تر لەچاپدرا بو ووتنەوەیان لە هەموو پولەکان وەکتیبی بیکانەیان وەرگیرا بە کوردی بو ئەومەبەستە ، وە بریاردرا بە نەهیشتنی نەخویندەواری لە وولاتـا وەهەموو کەس فیری خویندن و نووسین بکریت وە بو یەکەم جار ( ٥٠ ) قوتابیان نارد بو یەکیەتی سوڤیەت بو ئەوەی لەدانشـــگا بەرزەکان بخوینن هەروەها دەیانی تر لە قوتابیان بو تەوریز بو خویندن

لە زوربەی لقەکانی زانیاریدا .

٢- چاپخانەیەك دانرا بو لەچاپ دانی پەرتوکو روژنامەو گوڤارو هویەکانی‌ی فراوان کردنی روشن بیری لەناو گەلدا لەوچاپ کراوانە روژ نامەی « کوردستان » بو کە بەناوی کومارەوە ئەینوسی ، هەر وەها لە لیکولینەوە لە میژووئەدەبی کونی کورد دریغی نەئەکرد وەهانی نووسەری کوردی ئەدا بو لیکولینەوە لەبەشە جور بەجورەکانی فولکلوری کوردو ویژەو زانیاریتر وەبلاو کردنەوەی .

٣- ریك خستنی سوپای میللی بوبەرگری وپاراستنی وولات لە جی‌ی سوپای رژێمی کو ەپەرست ، کە لەپیش دامەزراندنی کوماردا چەوسـانەوەی نەتەوەی کورد ئەو پەرری هیواو ئاواتی بوو .

٤ - دانانی حوکمی خویی‌و هەلسوراندنی ئیش‌وکارو بـە هوی فەرمانبەرانی کوردەوە هەر وەها رەنگ رشتنی وولات‌و پیوانی ، وەپاراستنی ئاسایش لە ناوخەلکا وە دانانی یاسایەکی نوێ بوئەم مەبەستە پیروزانە .

٥- کردنەوەی خەستەخانەو دەرمانگاو لەزور شوین بەپی‌ی توانا ، هینانی دەرمان وپیویستیەکانی تەندروستی لەدەرەوەی وولات وە فراوان کردنی هویەکانی پاراستنی تەندروستی بـو

هەموو خەڵك .

٦ـ ئێستگەیەکی نوێ بەزەماوەندێکی جەماوەری کرایەوە لە مەهابادەوە بەرنامەی کوردی و بێگانەی تیا بلاو کرایەوە.

٧ـ پێك هێنان و رێکخستنی یەکیەتی لاوان و ئافرەتان بو ئەوەی وەك وولاتە پێش کەوتووەکان ئافرەت شان بە شانی پیاو بتوانێ زور لە ئیشوکاری وولات چی بەجی بکات ومافی خوی بپارێزێ . هەروەها یەکیەتی کرێکاران و جوتیاران و بەستنج بەست کردنی ئیشوکاریان کە بتوانی زەویوزار بگرنەوە ژێر دەستی خویان وەلە چنگ دەرەبەگەکانی بسێننەوە وەفراوان کردنی ئیشوکار بو زەحمەت کیشان و رەنجبەران . ئەم هەموو ریکخراوانە تێ ئەکوشان بو چەسپاندنی دیموکراتیەت و بەختیاری بوگەلەکەیان .

٨ـ لیژنەیەکی تایبەتی دانرا بو چارەسەرکردنی کشتوکاڵ ودابەشکردنی زەویزار بە جورێکی یەکسان لەناو جوتیاراندا کەلە ئەنجامدا بوو بەهوی بزوتنەوەیەك لەناو جوتیاراندا ، وە هەندێ لە خاوەن زەویوزارەکان بەمە دل گران بوون وەخویان خستە باوەشی دوژمن وە لەمێژوودا رویان رەش بوو وەلەتوماری خوفروشاندا خویان نوسی .

٩ـ بتەوکردنی پەیوەندی دوستایەتی لەنیوان کوماری

دیموکراتی کوردستان و یەکیەتی سوڤیەت هەروەها لەگەڵ کۆماری ئاذەربایجان دا .

١٠– هاوبەش گەشە پیدان ( شرکەتی ترقی ) مۆرکرا لە نیوان سوڤیەت و کوردستان دا بو ماڵو گوڕ کردنی کەلو پەل و پەرپسق ژیان بویەك ، وەك ناردنی توتن و بەرهەمە دەستیەکانی وولات بەرامبەر بە تراکتورو دەرمان و پیویستی تر ، هەروەها کارخانەی سیغاری کوردستان لە مەهاباد دامەزرا .

١١– پاراستنی سەربەستی بیرو باوەڕ بەبێ گوێدان بەرەگەزو ئایین و زمان لەوولاتا و پتەو کردنی برایەتی و یەك بوون لەناو یان دا بەهوی ریخکراوە گەلیەکانەوە بو پاراستنی دەسکەوتەکانی گەلی کورد .

١٢– هاوکاری کردن لەگەڵ کوماری ئاذەربایجان بەتایبەتی لەگەڵ سوپاو ریخکراوەکانی هەردوو کومار .

هەروەها «٩» بیگانەکان لە کاتیسەر دانیان بو ئەم وولاتە بۆ

---

«٩» لەو یاداشتە وەرگیرا وەکاك محمدباقی سعید وەری گیراوەبە کوردی کەلە ١٩٤٧/١١/١٩ دراوە بە ( ترای گڤی لی ) باوەڕ پیکراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەوسەردەمە لە پاریس لەلایەن کوردەکانەوە .

سەیر کردنی چونیەتی کوماری ساوای کورد ، وورد ئەبوونەوەو سەرنجیان ئەدا کە هەنگاوی پیش کەوتوو ئەنیّ بو پیشەوە لەهەموو روویەکی ژیان وکومەلایەتی یەوە وە فەرمان بەرانی کورد ئیش وکاریان بەریکو پیکی هەلئەسوورینن و بەڕیوە ئەبەن .

( ئارف رۆژ نیلد ) لە ژیر ناوی [ کوماری مەهاباد ] نوسیویەتی شاری مەهاباد لە پیشەوە نموونەیەکی دیهاتی هەبوو وەدوا کەوتو پەستبوو ، بەلاّم ئەمرۆ جرلانیکو پیش کەو تنیکی تری هەیە . پررە لەژیانو بەختیاری و زور بە گەرمی هەولّ ئەدەن بو ئەوەی بنچینەیەکی پەروەردەی بەهیز دابنین بە پیچەوانەی بەشەکانی تری ئیرانو ئاذەربایجان .

کوردستان ڕووسی تیانیە کە دەستیان لە ئیشو کاردا بیت،لە ئاذەربایجان حوکمیکی توندوتیژ بەرپایە ، لە کوردستان ئەمە نیە . لەم وولاتەدا بەندکراوی سیاسی نیە تەنیا یەکدوو کەسیک لەناو برا ئەویش دوور نیە لەسەر سیاسەت بوو بیت ، وەچەند کەسیکی کەم حەزیان بەرژیمی تازە نەکردووە پەنایان بەکار بەدەستانی ئیران بردوە ولە تاراندا ئەژین چونکە بەچارە سەر کردنی کشتوکالّو دابەش کردنی زەویوزار ، رازی نەبوون .

لەسەر شەقامەکانی ( مەهاباد ) ئەتوانیت بەسەر بەستی گوێ لە رادیوی ئەنقەرەو هەموو شوێنێك بگریت ، بەڵام لە تەوریز کە پایتەختی ئاذەربایجانە گوێ گرتن لەمانە ئەبێ بەهوی تورش نرونی خاوەنەکەی بو سزایەکی توند ئەم سەر بەستی یەش ئەگەرێتەوە بو بیری ووردی پیشکەوتووی پور لەگیانی ئازادی و نیشتمان پەروەری ( قازی محمد ) وئەندامانی وەزارەتەکەی ، لەمانەوە برمان روون ئەبێتەوە کە ئەم کومارە تا چ رادەیەك خوشەویست بووە لای کوردەکان وە ئەم مادەیە بە دەوریکی زێرین دائەنرا چوونکە بێ دادیو ستەمکاری زوریان چەشتبو لەپیش کوماردا، قازی محمد لەگەڵ پەیام نێری « ئەی ، ئی،پی) لە روژی ١٩٤٦/١/١٦ کەوتە گفتوگو ووتی کوردەکان بەوەش قایل ئەبن ئەگەر کار بەدەستانی ئیران بریاری ئەوە بدەنلەسەر دیمرکراتی ئازم برون بە ریور و سەربەستی قەدەغە ئەکەن ، وە ئەو دەستورەی بو کوردستان دانراوە لەسەری برون کەئیستا بەرپایە لە کوردستاندا بوسەر بە خویی ذاتی ، وەبەریوەبردنی کارو باری کوردستان لەلایەن خویانەوە لەگەڵ هێزی سوپای خریان . پەیام نێرەکە لێی پرسی ، ئایا لەوە سلی نا کەیت کە ئەم بەرامبەریو ئاکوکی یەلەنیوان کوردو کاربە دەستی مەرکەزی ئیران ببیتە موی ئەوو بیگانە دەست بخاتە نیشو کارتانەوە ؟

پیشەوا وەلامی دایەوە ، باری کوردستان زور جیاوازی هەیە لەگەل باری ئاذەربایجان‌دا چونکە کوردستان لەلایەن هیزی سوپای سوڤیەتەوە داگیر نەکراوە ، هەر لەو کاتەوە ڕەزاخان لە سەر حوکم نەماوە ئەژەندرمەو نەئەمینیەو نەهیزی سوپایی نەیتوانیوە بیتە کوردستانەوە وەپسێ بڕری ئەم ناوە بوە لەبەر ئەوە ئیمەلەم کاتەوە هەرسەر بەخوبرژ یاوین لەگەل ئەوەدا نایەلین بیگانە دەست بخاتە ناوئیش و کارمانەوە لەهیچ روویەکەوە . کەوابو باری ئیستای کوردستان پەیوەندی بە ناوخوی وولاتەوە هەیە . پیویستە لە ناوکاربەدەستانی کوردستان‌وئیران‌دا جی‌بەجی بکریت و نەمینی ، چونکە ئەم گیروگرفتە پەیوەندی بەدەرەوەنیە دوای ئەوە قازی محمد روونی کردەوە بو ئەیام نیرەکە کە گەلی کورد لە ڕابوردووەوە هەتا ئیستە چ خەباتیکی خویناوی کردووە بو رزگار بوونی لەدەست چەوسینەران وە چەند سزاو ئازاریان لەم ریگەدا چەشتوەو چەند قوربانیان داوە لەم ڕێ‌یەدا . وە چون لە کوتایی شەڕی جیهانی یەکەم‌دا بڕیار درا کە کورد دەولەتیك بو خوی‌پیك‌بهینی وەلە پەیمانی «سیڤەردا» [۱۰] بڕیاری لەسەر دراو لە ئەنجام‌دا نەیان هیشت بیتەدی بەهوی کونەپەرستانو

---

(۱۰) پەیمانی [ سیڤەر ] لەسالی ۱۹۲۰ کوردە نیشتمان پەروەرەکانی تورکیا نوینەرانی خویان بو نارد بو پاریس بە—

داگیرکەرانەوە .

بەلام ئەمرو ئیمە بەشانازیەوە داوای هەقی خومان ئەکەین ، وە هەموو تواناى خومان لەم ریگەدا ئەخەینە کار بوئەوەی سەربەخویی یەکی ذاتیمان هەبیت لە خاکی خوماندا ، وەچەوتیو ئەرکی ئەم گیروگرفتە هەمووی ئەکەویتە سەر شانی کار بەدەستانی رژیمی ئیران کە تائیستا هیچ هەنگاویکیان لەم رووەوە بو پیشەوە نەناوە وەئوربان

— سەروکایەتی جەنەرال شەریف پاشا بوبەشدار بوون لەکونگرەی ئاشتی کەلەو سەردەمەدا لەپاریس بەسترا ، ئەم نوینەرانە جیی باوەری هەموو کوردەکان بوون کوششیکی فراوانیان کرد لەپیناوی بەدەست هینانی مافە رەواکانی گەلی کورد تا لە ئەنجام لەوکونگرەیەدا سەر کەوتن وەتوانیان بەندی ( ٦٤،٦٣،٦٢ ) بچەسپینن وییان خەنە ناوبەندەکانی تری پەیمانی ناوبراوکەکورتەی ئەو بەندانە ئەوەبوو.گەلی کورد مافی ئەوەیان هەیە حوکمی ناوخوییان هەبیت تا وردەوردە وله پاشە روژدا سەربەخویی تەواو وەربگرن لە تورکیادا ، هەروەها چاوپوشی بکریت لەکوردەکانی عیراق بویەکگرتن لەگەل گەلی تورکیا بوئەم مەبەستە ، بەلام تاقمی تورانیە کەمالیەکان نەیان هیشت بیتەدی . وەلە باتی ئەم پەیمانە لە (١٩٢٣) پەیمانی [لوزان] یان مورکرد کە پشتی هەلکرد لە هەموو مافیکی نەتەوایەتی گەلی کوردو بەریتانیاش برریاری لەسەردا .

لە مافی ئەتەوایەتیمان نەداوەتەوە ، وەئیمە زور بەگەرمی و دلسوزیەوە وەبە هیوایەکی بەتینەوە چاومان بریوەتە هەموو ریگایەکی پیش کەوتوو بوسەر کەوتن لەم مەبەستە پیروزەدا ، وەنامانەوی لاسایی یەکیەتی سوڤیت یا ئەمەریکا بکەینەوە .

لەگەل ئەوەدا دەرگا لەسەر خومان داناخەین و پەیوەندی و دوستایەتیمان لەگەل ولاتە پیش کەوتووەکان بەهیز ئەکەین ، بەپێی بەرژەوەندی گەل و نیشتمان بەبێ جیاوازی تابەم بونەیەوە باری ئابوری ولاتمان پەرە پێ بدەین. وبتوانین هەموو ئیش وکاریکی خومان بەریك وپێکی هەلسورینین .

## ١ « هاوکاری بارزان بو کوماری »
## ( کوردستان )

کوردە بارزانیە نیشتمان پەروەرەکان لەو سەردەمەدا لە شەریکی خویناوی دا بوون بەرامبەر نوکەرو کونە پەرستانی بەریتانیا وەتوانیان بەدلسوزانە شەریکی «١١» میژووی پالەوانانە بکەن و زیاتر لە

---

«١١» لەبەراوی شورشەکانی کوردو کوماری عیراق ، وەبارزان وەنەهینیەکانی . بەدریژی باسی جەنگاوەري شورشەکانی بارزانیان کردوە بویە لیرەدا دووبارە نەکرابەوە بیجگە لەوەی پەیوەندی هەیە بەم نووسراوەوە .



«٩» فرۆکەی جەنگی بخەنە خوارەوە . وە چەك وجبەخانەیەکی زور بخەنە دەست خویان . بیجگە لە ژمارەیەکی فراوان لە کوژراوان و دیل وە لەو ماوەیەدا دوژمنیان بە تەواوی شپرزەو سەر شوڕ کرد ، تا ئینگلیز بە هەموو توانای خویەوە یارمەتی ئەو کونە پەرستانەی دا .

ئەوانیش لە تشـــرینی یەکەمی ١٩٤٥ بە سەروکایەتی خوالی خوشبو شیخ ئەحمد وە کاك مستەفا بارزانی وزیاتر لە ٢٠٠ کەسی پرر چەك لەگەل ژمارەیەکی زور لە توپ و چەکی جورب‌ەجورو پیویستیەکانی تری جەنگ روویان کردە کوردستانی ئیران وە لە ناوچەی ( جلدیان و نەغەدە ) جیگیر بوون ، پاش ماوەیەکی کەم ئەم ئەرە داســـوزەکان و هەندێ لە ئەندامانی کومەلی دیموکراتی کوردستان توانیان ئەم دوو هیزە بەیەك بگەیەنن و دەست بخەنە ناودەستی یەکتری و شان بەشانی یەك تیکوشان و خەبات بکەن بو پاراستنی ئەم کومارە ساوایە .

لە ڕاستی دا رژیمی تاران بە تەواوی وورەی بەردا بەدان و بەشدار بوونی بارزانیەکان و لایەنگیریان بۆ بزوتنەوەی کوردی ئیران و بتەو کردنی یەکیەتی کورد .

ئەوە بوو کار بەدەستانی تاران کەوتنە هەول و تەقەلا بو دوور خستنەوەیان لەیەك بەلام ئاشکرایە هەموو کوششیکی تاران

لەم روەوە سوودیکی نەبەخشی لەو هەنگاوانەدا تای بوئەم نیازە ناپاکە .

هەر لەسەرەتاوە قوامی سەرەك وەزیرو رەزمارای سەرکردەی گشتی سوپا داوایان لە موستەفا بارزانی کرد سەریك لەتاران بدات ئەویش نیازی ئەم سەردانەی نەبوو بەلام کە شیخ ئەحمەدی برای وە ئەفسەرە دلسوزەکان بریاریان لەسەردا ڕەزامەندیان لەسەر بوو لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ خوی و میرحاجو عزت عبدالعزیزو نوری ئەحمەدی طەو چەند کەسیکی تر رووبە تاران کەوتنەڕێ ، ئەوەی شایانی باس بیت لەو کاتەدا رژیمی تاران خوی بێ دەنگ کرد بوو بەرامبەر بە کوماری کوردستانوهیرشی کەم کرد بووەوە تا سوپا پەرشو بلاوەکەی کوبکاتەوە وسەرلە نوێ دەست بە پەلاماردان بکاتەوە ، پاش چاو پی کەوتنی موستەفا بەرزانیو هاوریکانی بەکار بەدەستان ( قوام السلطنە ) پێی ووت بە مەرجیك بەرزانیەکان چەك دابنین لە دەوروپشتی تاران جیگیر ئەکرێن بو ئەوەی بە کشتوکالەوە خەریك بن وەلە خاکی ئیراندا بمیننەوە ، ئەگەر هەمووتان نیازی مانەوەتان نەبیتو بگەرینەوە ئەوانەتان حوکمیان دراوە بەسەرا دادگاکانی عیراق بە خنکاندن کە « ٣٥ » کەسیکن لەگەل ئەوانەی بەزیندان کردن حوکم دراون بو ماوەی چەند سالیك کە(٨٠) کەس زیاترن

ئیمه نیشته جێ یان ئه که ین دور له سنوری عیراق .

خو ئه گه ر به م مه رجانه ڕازی ئه بن پێویسته هه تا ۱۹٤۷/۱/۲۲ خاکی ئیران چوڵ که ن و بگه ڕێنه وه موسته فا به رزانی به ووردی و له سه رخویی به « قوامی » ڕاگه یاند ئه م مه رجانه باشن ، به لام پێویســـته من بگه ڕێمه وه ناو هاوڕیکانم تاکو هه موو چه ك و فیشه کیان لێ وه ر بگرمه وه ئه وسا هه موویان بهێنم بو ئه و شوێنانه ی دیاری ئه کرێن بویان ، دیاره له به ر ئه وه به و مه رجانه ڕازی بوون یه که م له نیازی ناپاکیان تێ گـه یشتن له لایه ك وه به وه دلنیایان کردنه وه تا له ده ستی یان رزگاربن له لایه کی تره وه ، هه رچونـی بوو خویان ده رباز کردوو گـه یشـــتنه ناوچه ی نه غه ده .

به لام پاش ماوه یه کی که م بار گه یان گواسته وه بو ناوچه ی (شنۆ) و کردیان به بنکه ی هێرش بردن ، وه ده ستیان کرد به هه لمه تی پاڵه وانانه وه له ماوه یه کی که م دا زور ناوچه یان له سوپای ئیران سه نده وه دوای چه ند شه ڕیکی خوێناوی وه ك شه ڕی « خلیج ، أورست » که چه ند ئه فسه ریکی تیا کوژران و به دیل گیران ، وه شه ڕی ( نه لوس ) که له و شه ره دا ژماره یه کی زور له سوپای داگیر که ر کوژراو « ۱۰۰ » که سیان لێ به دیل گرتن وه شه ری [ ئه رنه و ، موان ] وده یان هێرشی تر که هه موویان هـه لمه تی

شێرانە بوون بوسەر ، سەر بازگەکانی ڕژێمی کونە پەرستو شپرزە کردنیان وەداماڵینیان لەو ناوچانەدا .

بەتایبەتی شەڕی ( تەل مامش ) کە لە مانگی مایسی١٩٤٦ ڕەزمارا سەر کردەی گشتی سوپا . بە هەموو توانایەکیەوە بە نیازی کردنەوەی ئەو ڕێگایانەی پێشمەرگەی کورد دەستی بەسەرا گرتبون و دەوری سوپاکەیان دابون بەتایبەتی ڕیگای نیوان بانەو سـەردەشت . بو ئەوەی ئازوقەو فیشەکیان پێ بگەێنن .

لە شەڕی ناوبراودا بەرزانیەکان ژمارەیان لە ( ٤٠ ) کەس زیاتر نەبوون توانیان « ١٢ » سەعات بەرگری ئەو هەموو سوپایە بکەن وەپێش ئەوەی بەتەواوی فیشەکیان پێ نەمێنێ ( ٢٠ ) صندوق فیشەکیان لەو سوپایە گـرت وشـەریان کـرد تا هێزی میر حاجو ئەحمد خانو خەلیلی فاروقی بو یارمەتی بەسـەر دەمیانەوە هاتن . لەم شەرە مێژوویی یەدا ( ٥٠٠ ) سەربازیان لەناو بردو کوشـت تەنیا « ١١ » بەرزانی زامداربوون و یەك کەسـیان لێ نەکوژران ، داگیر کەر بە تەواوی پشتی شکاو معنویەتی نەما ، ناچاربون کـە شەر بوەستێنن ، وە کـەوتنە گفتوگو لەگەڵ سەرکردایەتی سوپای میللی کورد ، لەئەنجامدا پیشەوا بە سەروکایەتی ئەندامەکان بانگ کرا بو تاران وەلەگەڵ قوام

لەسەر چەند بڕیارێك نوێنەری هەردوولا ڕێك کەوتن و مۆریان کردن ، کە ئەمانە چەند بەندێکن لەو بڕیاوانە .

١ـ بەکار هێنانی زمانی کوردی لە هەموو فەرمانگەو قوتابخانەکانی کوردستاندا .

٢ـ سەربەستی ئیش کردن بۆ کۆمەڵی دیموکرات و هەموو ڕێکخراوە سیاسیەکانی کورد .

٣ـ سوپای تاران ئەو ناوچانە چۆڵ کات کە کوردی تیادا ئەنیشن .

سەربەستی بو کوڤار و ڕوژنامەو چاپەمەنی بەزمانی کوردی .

٥ـ دروست کردنی حوکمی زاتی بو کوردستانی ئیران لەك جیابونەوە ، لەگەڵ چەند بڕیاریکی تر .

قازی محمد لەتاران گەرایەوە لەگەڵ هاوریکانی بو مەهاباد وە لە ووتاریکی مێژوویی‌دا بوخەلکی رووناك کردەوە کە لە سەرچی ریك کەوتون لە گەڵ کار بەدەستانی ئیران . دوا چار لە ووتارەکەیدا زور بەشانازیەوە باسی سەرکەوتنی بەرزانیەکانی لە شەری ( تەل مامش ) دا وە ووتی ئەو شەرە پاڵەوانانەی برا کوردەکانی بەرزان بە تەواوی سوپای داگیرکەریان سەرشوڕ کرد

بو هەموو داواكانی مافی نەتەوایەتی كورد. ئەوەش لـــێرەدا شایانی نووسین بیت ئەوەیە رژێمی تاران بەمرێك كەوتـنە، مەبەستی ئەوەبوو لە ماوەی وەستانی شەردا سوود وەر گرێت لە دانانی پیلان بو لەناو بردنو لەریشـە دەرهێنانی جولا نـەوە دیموكراتیەكەی ئەم كەلەو كومارەكەیان، چونـكە لەوكاتەدا نەیان ئەتوانی بەرگری هێزی سوپای میللی كورد بكەن، وەهەر كاتێك زوریان بو بهاتایەوە تـەنگیان پێ هەلچنرایە ئەكەوتنە گفتوگو كردنو پەلەقاژی تاوەكو سوپا شپرزە پەرشو بلاوە ـ كەیان سەر لەنوێ كۆ ئەكردەوەو هێرشیان ئەهێنایەوە بو سەر خاكی كوردستان.

پاش چەند روزێك دوای مۆر كردنی ئـەو بریارانە رەزماراو پیشەوا لەدێی (سەراو) بەیەك گەیشتنەوە وە هەریەكەچەند كاربەدەستێكی خوی لەگەلیا بوون لەوبەیەك گەیشتنەدا. بریار درا كە سوپای ئیران ئازوقەو خواردەمەنی بنێرێ بـوســـوپا دەورەدراوەكەیان لە (میرەدێ) وبانەو سەر دەشت، لەلایەن سوپای كوردەوە. وە ئەو پیویستیانە كـە رەوانە ئەكرین پاش پشكنینیان كە نەوەك چەكو فیشەكیان بو رەوانە بكرێت ئەمجـا ریگا ئەدرێ بەرەو ئەو هێزانە برۆن.

وە بو گەیاندنی ئەم بریارە بەسەر هـێزەكانی كـورد سەرەك

وەزیران حاجی «۱۲» بابەشیخ و ( عقید ) نانەوازادە لەگەل [ رەزمارا ] هاتن‌و بو «سەقزو بانە » بەرزانیەکان لە قشلاخی صالح بەگ بەسەرکردایەتی میرحاج پیشوازیەکی سوپایانەی ڕێکوپیکیان بو کردن وە برریاری بەرەللا کردنی ئازوقەیان پێ ووتن کە بو ئەو هیزە ئابلوقەدارە ڕەوانەبکریت بەمەرجیک بە ووردی ئەو خواردەمەنی‌و جل‌و بەرگەی بویان رەوانە ئەکریت پیشمەرگە لێ‌ی وورد ئەبیتەوە بو ئەوەی پیویستی جەنگی لە چەك‌و فیشەکی هیچ تیانەنیت وە نوینەری سوپای کوردیان لەگەلا ئەروات بوجی‌بەجی کردنی ئەم برریارانە . دوای ئەوە کەوتنە ڕێ بوناوچەی ( هەمدان ) کە بارگەی زیرو بەمادر- سەرلەشکری هەردوو هیزی ئاذەری و کوردی بوو لە ناوچەی سەر دەشت سەرەك وەزیران حاجی بابەشیخ بەو بونەیەوە لەناو سوپاکەدا ووتاریکی ووت ( برایەتی کوردو فارس لەکونەوە لەبەینی ئیمەدا ریشەی داکوتاوە و پاریزگاری ئەو برایەتیە ئەکەین‌و هەول ئەدەین کە هەمیشە پایەداربیت و ینج بەست‌بیت لەناومال‌دا ، وەلەم ماوەیەدا لەگەلیان ریک کەوتوین و هەموو داواکانمان پەسەند کراون وەجی‌بەجی ئەکرین. وەخواهەلناگرێ ۳سێ هەزار کەس لە برسانا بمرێ لە کاتیکدا کە ئیمە ئلای

( ۱۲ ) حرکة کردستان وآذربایجان التحریه .

دیموکراتیمان هەلکردووە ، وەداوای هێزو سەرکەوتن لە یەزدان ئەکەین . کەوابو پێویستە ڕێکەیان بو بکەینەوە بو ئەوەی خواردنو ئازوقەیان پێ بگات ، وە خوا هەموو ڕیک کەوتنیکی پێ خوشە ] . بەو جورە ڕیگایان کردەوە بو ناردنی شتومەك و خواردەمەنی بو سەر دەشت .

هەر لەوکاتەدا بووکە ( شۆتەر ) ئەفسەریکی سازمانی ئینگلیزی بوو لە عیراقدا ئەم ئەفسەرە رۆیشت بو ناوچەی ( میرزا روستەم ) و کەوتە گفتوگو کردن لەگەل کوردە خو فروشەکانی ئەو سەر دەمە بو ئەوەی ئەگەر هیزی پیشمەرگەی کوردستانی ئیران بەردەوام بوون لەسەر دەورەدانی سوپای ئیران لەسەر دەشت، ئەمان کاریکی وابکەن لەم قولەوە خویان بدەن بەدەستەوە لە سەر سنوری عیراق وەپاریزگاری بکرین تارەوانەی ئیران بکرینەوە لەشوینیکی ترەوە وەبیان گەیێننەوە ناو سوپای تاران .

وە بوئەمەش چەند کەسیکیان نارد بوسەر دەشت بەناوی یارمەتی دانی پیشمەرگەوە ، بەلام لەڕاستی دابو ئەوەبو ڕێو شوێن بدوزنەوە وبین بە چاوساغی سوپای ئیران لەسەر دەشت وەپولیسخانەکەو چەند شوینیکی تری ( کەپران ) کەوتوتە روژهەلاتی سەر دەشت لەناو خاکی کوردستانی عیراقدا تەرخان

کرا بو پێش وازی کردن‌و چێ‌ی حەسانەوەیان (١٣) .

بەلام ئەم شەڕ وەستانەی نیوان کوماری کوردو سوپای تاران زور دریژەی نەکیشا ، هیزە دەورەدراوەکان هوشیان هاتەوە بە خویان داو دەستیان کرد بە پەلاماردان ، چونکە کاربەدەستانی تاران پەیمانەکەیان شکان‌و پیویستی جەنگیان لەگەڵ ئازوقەدا ئەنارد . تەنانەت پیشمەرگە چەند سەر بازیکیان گرتن‌و رەوانەی مەهابادیان کردن لەگەڵ ئەفسەرەکانی چونکە فیشەکیان ئەبرد بو سەر دەشت .

هەر وەها سەر تیپ [ ئایرم ] فەرماندەی هیزی سەر دەشت دەستی کردەوە بەپەلاماردان کە برڕیار وابوو هیزی هەردوولا بەرامبەر بەیەك جموجوول تەکەن وە بەرەوپیش نەرۆن .

بەو جورە ریگای نیوان سەر دەشت وبانەو سەقز سەرلە نوێ گیرایەوە . زیاتر لە ( ٥٠٠ ) سەربازو ئەفسەر ویستیان بوورزگار کردنی سەردەشت برۆن ، تەنیا هەشت پیشمەرگە توانیان لەسەر کردی ( سیدە گردە ) بەردەمیان لێ بگرن‌و بەرەودوایان گیرنەوە بە شپرزەیی .

روژ بە روژ سوپای داگیرکەر بەرەو کزی ئەرویشت لەهەر دۆلەو شوینیك سوپای کورد شورشی بکردایە سوپای ئیران

---

( ١٣ ) کورت کراوەی ئەم باسە تەواو بوو .

بە جوریك ئەشكا كە هەرگیز بیری نەچیتەوە وەبەلیژنەلاشەی کوژراو لەلۆری سوپایی‌دا بو شارەکان ئەهینرایەوە لەماوەیەکی کەم‌دا بەرزانیەکان بەهاوکاری هیزی میللی کوردستان زور ناوچـــەیان پاك کردەوە وەك ( میان دولو ) ، هەیجانان ، دیواندەرە وگەلی شوینی تر .

دلسوزی و خوگرتن‌و بەردەوامی بەرزانیەکان لەسەر شەری نەئەوایەتی دوژمنیش نەیتوانیوە دانی پیا نەنیت ، تەنانەت لە ۱۹٤۷/٤/۱٦ دا رەزمارا کذلەو کاتەدا « ۱٤ » سەر لەشکری ســوپای ئیران بو لـەناو کوبونەوەیەکــی روژنامەگەری‌دا بە نوینەرانی روژنامەکانی ووت . بەرزانیەکان خویان لەدەهەزار کەس زیاترن وە۳سێ هەزار کەس شەرکەریان هەیە ، بەرزانیەکان مروڤی قانع‌و خوگرن . باوەریکی یەك جار زوریان بەسەروکە کانی خویان هەیە ، سەروکی ئەوان شیخ ئەحمدو براکانیەتی ، ( مەلا موستەفا ) لەناو ئەواندا ئەهمیەتی زورەو بەریزە ، وە وەخانی حەوت توپ‌و ســـەد مەترە لـوزەو ژمارەیەکــی زور توتوماتیك و بێ تەل‌و چەکی جور بەجوری ترە .

کاتیك هاتنە ئیرانەوە ، خاکی کوردستانی مەهابادو ورمێ ،

---

( ۱٤ ) روژی نوێ سالی یەك ژمارە ( ٦ ) وەرگیراوە بەدەست کاری‌یەوە .

لەژێر ، دەسەلاتی سوپای ئیمەدا نەبوو ، دەولەتی ئیران نەیتوانی بەرزانیەکان بخاتە ژێر دەسەلاتی خویەوە ، ئەوانیش بە پی‌ی هەلویستی سیاسەت‌و شوێن . خـویان خستە ژێر دەسەلاتی قازی محمدەوە کە داوای فەرمان ڕەوایی خـویی ( الحکم الذاتی ) ئەکرد .

بەرزانیەکان بو یارمەتی‌و پشـــتیوانی قـازی محمد لە هیچ رووبەکەوە دوانەکەوتن وەهەرچی پیویست‌و بەکەلک بوو بـە کاریان هینابوو دەست دانە دەستی یەکتری ، وەئەجەنگان وگیان بازیان ئەکرد لە پیناوی ئازادی‌و ســەربەستی‌دا - بیجگە لە بەرزانیەکان هەندێ لە نیشــتمان پەروەری ناوچەکانی تری کوردستانی عیراق لەیارمەتی دانی کوماردا وەك لە ئەفسەران سەرپولی یەك (عزەت عبدالعزیز)سەرپۆلی دو(موستەفاخوشناو) ناوداری یەك (خیرالله عبدالکریم)سەربەرز(موحەمەدقودسی ) کە پاش گەڕانەوەی دادگای ڕەمەکـی عیراق حوکمی خنکاندنی دان‌و لە ١٩/٦/ ١٩٤٧ جی‌بەجی کراو وە گیانی پاکیان لەڕێی رزگاری کوردا پیش کەش کردو ناویان لە توماری نەمراندا نووسرا . هەروەها عقید میرحاج ئەحمەد وە ئـەفسەران نوری ئەحمەدطە ، جەلال ئەمین بەگ . عبدالرحمن طیب .

لە ماموستایان هەمزە عبدالله ، جەمیل بهاءالدین ، عبدالقادر

ئەحمد ، جعفر حسين ، كريم زەند ، هەروەها محمد توفيق ووردی ، اسماعيل عارف ، علی حسن . عثمان دانش ، شوكت نعمان ، خوا لێ خوش بوو قانع . صالح زاخويی ، سعيد فەرەج و زور لە نيشتمان پەروەری‌تر( ١٥ ) بەشداربوون .

( بەشی چوارەم )

## ( پيلان كردن بولەناو

## [ بردنی كوماری ديموكرات ]

١

لە ميژووی رابوردووی خەباتی خوێناوی گەلی كورد زور جار رووی داوە هەركاتی كونە پەرستان و داگیر كەران زوريان بو هاتبیو بەشەڕ كردن توانای بەرگری هەلمەتی شیرانەی‌هیزە شورش گیرەكانی كوردیان نەبووبیت بە شیوەیەكی‌تر هاتوونەتە پیشەوە . وەدەستيان كردووە بە گفتوگو كردن دەستی برایەتـی دروەدەلەسەو ساختەيان بو دریژ كردوون وە پەیمانو بریاری دوورو دریژيـــان بو مـور كردوون بەبێ ئـەوەی لە ئەنجامدا جی‌بەجی كرابن . هەر لەبەر ئەوەبووە تاسود لە كاتـی شەڕ

( ١٥ ) لە حركة كردستان و آذربايجان التحرريەوە ئەم ناوانە وەر گيراون .



وەستان بکات و هەنگاوی تر بنی بوسەر کەوتن وەك پـەیوەنـدی کردن و دلخوش کردنی کوردە خو فروشەکان و هان دانی دوو بەرەکی و ناکۆکی لە نیوان ریزەکانی گەلدا ، هـەر وەها بۆ ماوەیەك سـوود لە پشودان بکات و سەر لەنوێ دەسـت بـە پەلاماردان بکاتەوە .

گەلی کورد هیچ کاتی شورشی بو ئەوە نەکردووە بەنیازی دەست دریژی کردنەوە بوسەر نەتەوە دراوسیکانی بەلکو هەمیشە بو داوا کردنی مافە زەوت کراوەکانی و سەندنەوەیان لەو نەتەوانە بووە بەپیچەوانەی فەرمان رەواو کاربەدەستان و نەتەوەدراوسیکانی کە بەدریژایی میژوو پیشەیان چەوساندنەوەی ئەمان بووە ، وە هەموو تواناو دەسەلاتیکیان لەم ریگەیەدا بەکار هیناوە پەنایان ە ئیمپریالیستەکان بردووە .

بەو جورە رژیمی کونە پەرستی تاران بە یارمەتی ئینـگلیزو ئەمەریکا کەوتنە پیلان ریك خستن بو لەناو بردنی کۆماری دیموکراتی کوردستان وە بوئەم ئامانجە سەرەك وەزیرانی ئەو سەر دەمە ( حکیم الملك ) «١٦» یان لابردو لە جیی ئەوا قوام-

---

« ١٦ » شورشەکانی کوردو کۆماری عیراق لاپەررە ٢٩٢ بە کورتی .

السلطنەیان دانا . ئەمیش هەنگاو بەهەنگاو دەستی کرد بەجێبەجێ کردنی ئەو پیلانانە بەشێوەیەکی زور وودو لەسەر خو .

یەکەم جار هەموو بەندە سیاسیەکانی بەرللا کردن بەتایبەتی ئەندامانی پارتی تودە . وە بەرەوالەت ئەو کەسانەی سەربە ئیمپریالیستەکان بون زیندان کران وەك ضیاء الدین طباطبایی و هاوریکانی . ئەمجا داوای لە هەردوو کوماری کوردو ئاذەری کرد کە نوینەریان بنیرن بو تاران بوگفتوگو کردن دەربارەی کیروگرفتی ناوخوی ئیران .

لە مانگی نیسانی ١٩٤٦ محمد حسین سەیفی قازی و پیشەوەری، هەریەکە لەگەل چەند کەسیکدا روو بە تاران کەوتنە ریگا پاش گفتوگوو کوبونەوە حکومەت بریاری زوریدا دەربارەی نەتەوایەتی هەردوو گەلی ئاذەری و کوردی ، بەلام هەمووی ئەفرەدان و فروفیل بوو ، لە ئەنجامدا نوینەری هەردوولا گەرانەوە بێ ئەوەی سود لەو رویشتنە وەربگرن دووبارە ( قوام ) بلاوی کردەوە کە هەلبژاردنیکی سەربەست لە سەرانسەری ئیران دا ئەکریت بەشێوەیەکی دیموکراتی وە هەموو نەتەوەکانی ئیران فەرمان رەوایی خویان ئەدریتە دەستی خویان وەهەموو ئیشو کاری خویان فەرمانبەری خویان هەلی سورینن .

هەروەها بوئەوەی ئەندامەساویلکەکانی هەردوو پارتەسیاسیەکانی

کوماری کورد و کوماری ئاذەر دوربخانەوە لە هاوکاری ، هات حزبی دیموکراتی ئیراتی داناوە دەستی کرد بە پەیوەندی کردن لەگەلیان بەو جورە توانی تا ڕادەیەك سەر کەوێت وە هەندێ لە سەرەك هزەکان وزور جور لەو ئەندامە بێ بارانە ، وەفریوی دان و دووری خستنەوە لە ڕیزی نیشمان پەروەری دا .

بەو نیازەوە چەند هەنگاویکی دیموکراتی ، بو پیشەوەنا ، بەلام وەك گورگێك پیستی مەڕی لەبەر کردبو لەژیرەوە نیازیکی تری هەبوو ، وە بەنهینی جی بەجی ی ئەکرد . هەنگاویکی گرنگی قوام السلطنە ئەوەبوو لەگەڵ یەکیەتی سوڤیەت بکەویتە گفتوگو ویادی بخاتەوە کە خاکی ئیران چوڵ کات ، چونکە سوین خورەکان لە کاتی خوی دا برریاری ئەوەیان دابوو بکشینەوە وە ڕای گەیاند کە دیموکراتیەت فراوان ئەکات لەناو ئیران دا وەلە ماوەیەکی کەم دا پەرلەمانیکی نوێ بە هەلبژاردنیکی سەربەست لەئیران دا بیتە کایەوە ئەوسا هەر بریاریکی دا جی بەجی بکریتەوە بونوینەرانی سوڤیەتی ڕوون کردەوە کە إمتیازی نەوتیان بداتی لەلایەکی ترەوە قوام و یارمەتی دەرەکانی لە کونە پەرستەکان دەستیان کرد بە بلاو کردنەوەی دووبەرەکی لە ناوهەردوو کوماری کوردو ئاذەری دا بەلام لەم هەنگاوەدا سەر نەکەوت . هەرچەند بەقازی محمدیان ڕاگەیاند و پەیمانیان دایێ کە ئەگەر خوی دوور

بخانەوە لە کوماری ئاذەربایجان وەلەمەولا دەستی یارمەتیو
هاوکاری بو دریژ نەکات هەموو ناوچەکانی کوردستانی ئیران
ئەخرینە ژیر فەرمانی کوماری کوردو قازی محمدەوە ، وەزور
دلخوشـــی تریان دایەوە بەلام قازی محمد ئەم درۆدەلەسەیەی
بەگویدا نەچوو وە کاریکی نەکرد کـە رژیمی تاران بـەهیچ
جوریك سوود لـەم بارەیەوە وەرگریت هەر وەك قـوام لەگەل
پیشەوەری دا سەر نە کەوت کە دلخوشیان ئەکرد ئەگەر لەهاوکاری
کوماری کورد وازبینی یارمەتیان نەدات چبی ئارەزوو بکات
دلی ناشکینن .

لە مانگی ئەیلولی ١٩٤٦ سوپای روسی دەستی بەکشانەوە کرد
پاش ئەوەی زور لەو ناوچانەی چۆل کرد کە تیایا بوو لەوکاتەدا
قوام دوو بروسکەی بو هەردوو کومار کرد کە سوپای تاران بو
سەرپەرشتی هەلبژاردن روو ئەکاتە تەوریزو مەهاباد . بەلام
وەلامی بروسکەکان لەلایەن هەردوو سەر کومارەوە ئەوەبوو
پیویست بەهاتنی سوپای تاران ناکات بو هەلبژاردنی رووبکەنە
ئەم ناوچانە ئیمە بەهەموو توانامانەوە بەرگری و قەدەغەی ئەو
هیزانە ئەکەین چوونکە لەشکری کوردو ئاذەربایجان بەشیکن
لەسوپای ئیران وەهەریەکە لە خاکی خویدا توانای سەرپەرشتی
ئەو هەلبژاردنەی هەیە کەبەشیوەیەکی سەربەست بکریت و چاو

دیریەکی باش بکریت بە دیموکراتی . « ۱۷ » هەرچەندە ئەم قەدەغە کردنە سوودی نەبەخشی و لەئەنجامدا سوپای تاران لە هیرشی خوی نەکەوت بەم جورە ئەم هەترسیە گەورەیە رووی کردە هەردوو کوماری کوردو ئاذەربایجان ، لە بەر ئەمە بەپەلە تەورێزو مەهاباد لە ۱۹٤٦/۹/۲۳ پەیمانیکی بەرگری هاوبەشیان بەست کە لەسەر ئەم بەندانە هەردوولا ریك کەوتن .

۱ــ گفتوگو لەگەڵ کاربەدەستانی تاران بە ئاگاداریو هاوکاری هەردوولا بکریت .

۲ــ هەریەکە بتوانیت هیزی خوی بو خاکی ئەوی تر رەوانە بکات لە کاتی پیویستیا بو یارمەتی یەکتری . بەسەربەستی لەو ناوچانەدا هاتوچۆ بکات .

۳ــ لیژنەیەکی سوپایی هاوبەشی دانرا بەسەروکایەتی هەردوو سەر کومارو ئەندامی ژەنەراڵ موستەفا بەرزانیو ژەنەراڵ عەزیمی ئاذەریو محمد حسین سەیفی قازی .

٤ــ دانانی لیژنەیەك لە ئەندامانی هەردوولا بو پەرەدانوفراوان کردنی باری ئابووری هەردوو وولات .

٥ــ سزا دانی ئەو کەسانەی بەنیازی جیبەجی نەکردنی ئەم

---

( ۱۷ ) تەواو بو وەرگیراو لە شــورشــەکانی کوردو کوماری عیراق .

پەیمانە ئیش بکەن بەدەستێکی پۆڵایین ، ئەم پەیمانە نوێنەرانی کورد پێشەوا وە سەیفی قازی وەزیری جەنگ . وە عبداللە گەیلانی ئەندامی کومەلی دیموکرات ، وە رشید هەرکی ئەندامی کومەلی دیموکراتی کوردستان وە چەند کەسێکی تر موریان کرد وە نوێنەرانی ئاذەربایجان ، جعفر پیشەوەری وەزیری ناوخو ، وە وەزیری فەرهەنگ و چەند ئەندامێکی تر ئەوانیش بریاریان لەسەر ئەم پەیمانەدا .

لەوکاتەدا سوپای تاران روو بە تەوریز کەوتە رێ لەسەرەتاوە هێزی میللی ئاذەری بەرەنگاریان کرد بەشەرێکی دلێرانە ، بەلام رووسەکان ئاگاداریان کردن کە شەر وەستاندیان باشترە لەبەرگری کردن و قەدەغەی سوپای بەهێزی ئیران چونکە لە ئەنجامدا ئەبێتە هوی شەری جیهانی سێیەم .

لە بەر ئەوە لە شەوی ١٩٤٦/١٢/١١ کومیتەی ناوەندی حزبی دیموکراتی ئاذەری بەیانێکی بلاوکردەوەو هێزەکانی خوی قەدەغە کرد لەبەرگری سوپای ئیران وشەرنەکەن بەرامبەریان و رێگایان بو چوّل کەن ، وە سوپای میللی کوردستانیان ئاگادار کرد کەئەگەر شەر بکەین ئەبێتە هوی هەلگیرسانی شەرێکی نوێی جیهانی وە روژی ١٩٤٦/١٢/١١ سوپای تاران گەیشتە شاری تەوریز .

هەر وەها لە شەوی ١٩٤٦/١٢/١٢ بە پەلە قازی محمد لەماڵی خۆیان ئەندامانی حزبی کومەلەی کـوردستان و وەزیرەکان و هەندێ لە سەرەك هوزەکانی کۆ کردەوە بو ایکولینەوەوگفتوگو کردن دەربارەی ئەم مەترسیە گەورەیە ڕووی کردوە لە کومارە ساوا کەیان .

لە ئەنجامدا ڕای زوربەیان هاتە سەر ئەوە کە شەر نەکەن چوونکە ناچاربون بەتایبەتی سوپای میللی ئـاذەری شـەڕی وەستان وە یارمەتی دەریـان نەبوو . بەهەر جوربوو ئەوانیـش بلاویان کردەوەو سوپای میللی کوردستانیان ئا گادار کرد کە بەرامبەر سوپای تاران بەرگری نەکەن ، لەلایەکەوە باوەڕیان بەسـەر کەوتن کز بوو ، وە هەر وەها نیازی ناپاکی هیزی تارانیان بە تەواوی بو دەرنەکەوتبوو وەبەتەمای هەلبژاردنـی سەربەست بون لە ئیران دا لەلایەکی تریشەوە .

دنیا ( ١٨ ) ڕوو بەزستان ئەروات سەر لووتکەی چیا کا نی مەهاباد بەفر گرتوویەتی ، مام پیروت و خالە بەنگین و کاك مەمەند بەریوەن لەگەڵ کاروانیك روو بە مەهاباد لەوکاتەدا ئەومەترسیە

---

( ١٨ ) لە گۆڤاری روناهی ژمارە ( ٥ ، ٦ . ٧ ، ٨ ) ساڵی یەك ١٩٦١ بە دەست کاریەوە وەرگیزاوە ) .

گەورەیە رووی کردبوە سەر کومارە ساواکەی کورد سەرباری وولاغ چوار قامك بەفر دای پوشیبو . لەو کاتەدا کاروان نزیك ( کومبەزان ) کەوتەوە مام پیروت هاتە زمان ووتی زستانی ئەمساڵ شتیکی بە دەمەوەیە وامن ریشم سپی کردبیجگە لە جاریکی تر چاوم بەزستانی وانە کەوتوە یا خوا دوژی واکەس نەیبینی چی بەسەر ئەم کوردەواریەدا هات ، گرانیەکی گەورەدا کەوت ئەوەندە بەفر باری سەربانیان هەلدەوەشان دوعاو نزا بکەن خوا بەخیری بگیرێ جاران کە ئەهاتم بو مەهاباد زوردلم ئەکەشایەوە ، بەلام ئەم جارە زور پەستمو دلم گیراوە ، جاران خەلکی پۆل‌پۆل بە ئاهەنگ و شیعر ووتنەوە هاتوو چویان ئەکرد لە دەوری شارو شوینە کشتیەکان‌دا .

بەلام ئیستا غەمو پەژارەیەکی زور دڵو دەرونی خەلکی داگرتووە چرپە لەکەسەوە نایەت ، کەوەختی گەیشتنە مالی خانەخوی کەیان ، هەردوو کورەکەی لە بابەت هیرش هینانی سوپای تاران گفتوگویان ئەکرد سەردار : هاتە زمان ووتی تو بلێیت ئاذەربایجان تەسلیم بیست ؟ بەلام من لەو باوەرەدانیم بەبێ ئاگاداری کوماری کوردستان چەك دانێت و بەرگری سوپای تاران نەکات . چونکە پەیمانی هاوبەشی لە نیوان هەردوو لادا مور کراوە . خۆ ئەگەر تەسلیم بیت مانای ئەوەیە لە سێ لاوە

بەرەو جەمهوریەتی کوردستان هیرش دەست پێ ئەکات .

بداخ : هاتەزمان ئەمرۆ پیشەوا هەموو شتیکمان بو ڕوون ئەکاتەوە کە برریار وایە لەم ڕووەوە ووتاریک بدات ، هەر شتیکێ پەیوەندی بە خەلکەوە بیت نایشاریتەوە . وەلامی ئەم پرسیارانە لەو ببیسین باشترە .

سەردار لێی پرسی ئەری تو بەخشنامەکانی کومیتەی لاوانی دیموکراتی کوردستان بو ناوچەی سەر دەشت و نەغەدە بەرێ کردن ؟

بداخ ووتی بەلێ هی نەغەدە بە هاوڕێ محمد قودسیدا ڕەوانەکرا کە بە پەلە بو ئەو ناوە بە فەرمانیکی جەمهوری گەڕایەوە .

هی سەر دەشت درایە دەست لاویکی ( ئالانی ) کەلەیەکیەتی ڕابەری جوتیاران پێیان ناسـاندم وەزور لێی دلنیام . پاش چەند گفتوگویەکی تر هەر دووکیان لە مام پیروتیان پرسی بوچی توش دیموکراتی ؟ ئەویش ووتی ئەی من دیموکرات نەبم کێ بیت

پاش ئەوە ( سەردار ) ووتی با ئیمە زوو بڕۆین و شوینی خومان بزانین ، چونکە ئەمرۆ زور قەلەبالغە خەلکی زور دیت و پیشەوا هەموو شتیکمان بو ئاشکرا ئەکات . ئەو روژە بەبونەی ئەو مەترسیە گەورەیەوە حزبی دیموکراتی کوردستان کوبونەوەیەکی

کەورەی پیك هینا ئەم ووتارە بەدوا ووتاری دائەنریت ،
پیشەوا لەجیگایەکی بەرز کەلە هەموو خەلکەوە دیاربوو ،
فەرمووی :

هاو نیشتمانانی خەشەویست ، ئەگەرچی پیویست نیە کە من فیداکاری نەتەوەی کورد لەدنـــیادا باس بکەم چونکە جێی ئینکاری دوست و دوژمن نیسە ، عیزەتو مەردایەتیو گیان بازی ئەو قەومە نەجیبە لەعالەمدا بە ثبوت گەیشتوە .

لەشەری پیشو کە شیخ سەعید و شیخ عبدالقادر لەگەل تورکان بەشەر هاتن ، ئەگەر ئیستیعمار یارمەتی، تورکیەیان نەدابا ، کوردان حەقی مەشروعی خویان وەدەست دەیەنا . دیسان شەری تازەی بارزان ئەگەر دەستی ئیستیعماری کومەکی بەدەولەتی عیراق نەکردبا هیزی بارزانی سەر دەکەوت ، وەبەمەرامی خویان کەسەر بەخویی کوردستان بو دەگەیشتن .

هەروەها راپەرینی سمایل ئاغای سمکو ئەگەر دووبارە دەستە رەشەکانی ئیستیعمار یاریدەی ئیرانیان نەدابا سوپای ئیرانەی دەتوانی بەرامبەری سمایل ئاغا پایەداری بکا ، چونکە دەی کوت ئەگەربیت و من تەنیا عەشیرەتی جەلالیم لەگەل بێ زوربەئاسانی لەشکری ئیران تیك دەدەم و نەتەوەی کورد رزگار دەکەم .
هەستی نیشتمان پەرستی و ئازادی لەدلی هەموو کوردیکدا جیگیر

بووەو دەست لێ هەلگرتنی نیە . لە ئەنجامی بەرەو هەلدانی ئەم هەستە ، ئینجا چ زور خۆسەرخات ویان برێك بەهیدی = هیمنی بە یارمەتی خوداو کیانبازی کوردانی زەحمەت کیش و هیزە نیشتمان پەروەرەکان ئالای سێ رەنگی کوردستان لەسەر تا سەری کوردستان بلەرێتەوە .

من لەوکاتەدا ئەم باسەم بو ئێوە کردوەتەوە کە جەمهوریەتە-کەمان کەوتوتە بەرهێرشی دوژمن بەلام خەیالی خاوە [ ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان . . . کورد نەمردوەو ناشمرێت لەشی زور پر زامەو لە خوشی گرتووە دیسانەوە زام دار بکرێت ، بەلام هەر ناکەوێت .

برایانی خوشەویستی بارزانی کەلەرێگای وە دەست خستنی ئازادی کوردستانی مەزن مال و مندالیان لەپیش چاو نیە ،وە هەموویان لە پیناوی ئەو داخوازیانە مەردانانە لەتیکوشان دا جیکەی ئەو پەری شانازیەو نوینەرو دەرخەری ئازادی خوازی میللەتی کوردن وە رەشیدی و جەنکاوەری کە سیفەتی جیا کەرەوەی کوردانە لای بارزانیەکان پایەیەکی بەرزی هەیە .

لە شەری صالح ئاواییدا کە عدەیەکی ( ۷۰۰ ) کەسی لە ئوردوی فارسەکان دەیانویست بولای سەرایەوە بین « ۱۷۰ » کەسی بازرانی پیشیان گرتن وە لەئەنجامدا ( ۱۱۰ ) کەسیان

لێ کوشتن وه ٤٠ کەسی تریان لێ بەدیل گرتن بەکەلوپەلیکی زورەوە ، بەبێ ئەوەی یەك نەفەر بارزانی زامـار بوویت یان دڵۆپێ خوێنی لێ هاتبێ .

برایان هاو نیشتمانە ئازیزەکانم :ــ هەمووی ئەوانە بەلگەیەکی زور گەورەن کە بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان بەهوی سیاسەتی خارجیەوە نەبووە ، بەڵکو هیزیکە لەدلێ هـەموو کوردیکدا مەوجوودە وەبە هیچ جوریك کوژاندنەوەی بونیە ، واکۆ بوینەوە کە لـە ئاژاوەیەکی گەورەی فارسەکان خەبەر دارتان کەم .

لەو دیوی کیوەکانی ( قافلان کۆ ) خەیلی لەشکری دوژمن لـە ژیر چاودیری ئەفـەری بیگانەدایە ، یـانی ئیستعماریەکان مۆڵیان خواردوە ، کلاویان نـایە سەر بجمعی ملەلی متحد ، = کۆمەلی نەتەوە یەکگرتووەکان ، بەلای خویانەوە بو هەلبژاردن دێنە ناو ئاذەربایجان و کوردستان .

زور سـەیرە دەولەتی ئیران پاش ئەوەی نەتەوەی کـوردچی بەسەرا هینا حەیـا ناکات ، دووبـارە بـیر لەوە ئەکاتەوە ڕوو بکاتەدە لانەو خاکی بێچوە شێران . . . ( ... لەشکری دوژمن ئا بڵێی ڕازاوەیەو دەستی ئیستعماریش بەنەهێنی و ئاشکراهانی تەدا بوهیرش کردن ، ئیمە چیمان هەیە ؟ ئیمان و شەرەف دیوارو

سەددەی بە گوشتو خوین خومانین و خومان ، چا من دەمەوێ بوخومان بەیەکەوە لەسەر ئەو ئەمرە حەیاتیە تەصمیم بگرین .
ئەوەندەش بزانین کە بەرهەلستیو شەڕی بێ دەراویو چەکو چوڵ حالی گەل پەریشان دەکات . بەلام تا دەراوی شەرەفو ئیمان و پیاوەتی لەناومان دا هـەبیت هەر مایەی سـەر بەرزی و شانازیە .
وە ئەبی بزانین کە تەسلیم بە دەولەتی ئیرانی ئیستیعمار بە مانای گیان بەسەلامەت بردن نیە لە دەستی دوژمن وەبەم شەڕ نەکردنە لە کول گیانی ئیمە نابیتەوە . هەر وەها پیتان رائەگەیێنم بە داخیکی دڵسوتێنەوە حکومەتی میللی ئاذەربایجان پیش ئەوەی هیزی رەشی شاهی بەرەنگاری بیت ناوەندیان چوڵ کردووە ئەوەیە ئیستا لەناو شاری تەوریزدا خەلك بوخوی وە لە خویەوە بەرەنگاری چەك دارانەی چەتەو دەستە رەشە کانی سەربە شاو حکومەتی کونە پەرست بوون . دیارە ئەنجامی دیفاعی ئەم برا بە شەرەفە ئاذەریانە تەنیا شەهید بوونە ، بەلام بە سەر بەرزی و بەشەرەفەوە لەپاڵ خوینەوە وپەنا تفەنگی فیشەك لێ بڕاوەوە .
لە منیشیان گیراوە تا کو زووتر بوی دەرچم ، بەلام باوەربکەن زورم گالتە پێ هات هەر وەك دەبینن لەلاتانم وە دەشمینمەوە .
دیسان هەر ئیمەو ئاخر نەسیحەت ئەوەبو کە درەنگە بوی دەرچم

منیش ئاخر وەلامم داوە لەگەڵ خەلکم (١٩) .

---

( ١٩ ) ئەوەی لێرەدا شایەنی بباس بیت مەلامستەفا بارزانی هەوڵو تەقەلایەکی زوری دا بو ئەوەی قازی محمدو هاوڕیکانی کەنار بکرنو خویان بەدەستەوە نەدەن بەلام لە ئەنجام دا سەر نەکەوت لەو کوششەدا لەبەر چەند هۆیەك :

( أ : ) ـــ بەو نیازەوە قازی محمد خوی بەدەستەوەداو پیشوازی لە سوپای ئیران کرد ویستی باری چەوسانەوە لەناو خەلکی بێ دەسەلاتی ناوچەکە هیمن تربیت بە پیشوازی کردنی خوی وهەندێ کاربەدەستە بەرزەکانی کوماری کوردستان .

( ب ) : ـ بەتەواوی لە نیازی ناپاکی هاتنی سوپای ئیران حالی نەبوو کە ئایا بو هەلبژاردن دیت یان بو لەناو بردنی کومار .

( چ ) : ـــ وەك لەسەرەتای ئەم نووسراوەدا باسی قوتابیەکی مەهابادی کرا مەر ئەو قوتابیە بوو ئەی ووت هوی گرنگی تەسلیم بوونی قازی محمد ئەوەبوو لەو کاتەدا کاربەدەستانی تاران بە هاوکاری لەگەڵ خوفروشە کوردەکان بلاویان کردەوە کە قازی قوری بو ئەم خەلکە گرتەوەو میللەتی فروشت خوی نیازی ڕاکردنی هەیە لە بەر ئەوە برریاری دابووە ووتبووی ئەبێ منیش هەر لەگەڵ ئەم خەلکەدابم وەئەمەوێ خوم بکەم بەقوربانی ئەم

ئەی خەلکی بەوەفاو بەشەرەف لەسەرمن حیسابی پیشمەرگەیەکی ناسەر لەگەڵ کورد و کوردستان بکەن بێ دەنگیەکی بی سروە هەموو خەلکی ( میتنگی ) - مظاهرەخو پیشان دان وشوینی کوبونەوەکەی بە جوری گرتبو لەشەرمی ئەم بێ دەنگیەوابزانم باڵندەکانیش فڕکەو هاتوچویان نەدە کرد . لەو کاتەدا یەکیك لە ئەندامانی یەکیەتی لاوانی کوردستان کە لە ریزی هەڤاله کانیا وەستابوو خوی نزیك بەپیشەوا کردەوەو چەکی بەشانەوە بوو ووتی پیشەوا دەبەر حەمریت مرم ، کرمانجت هەموو دەگەلن بەخوا سابلاخیش هەر ئەوەندە پیاوون ئەوەتا پێناویکی وەك تویان تیدا هەلکەوتووە تویی و خوا پیشەوا قەدلانی ئەو ریگەیە مەگرنەوە کە دیسانەوە حەجەمەکان بە ماڵو وولاتمان دلخوش بینەوە . هەسان دەخەینە بەر پشتوین بو خەنجەرمان لە باتی فیشەك ئەگەر لیمان برا . پیشەوا گیان زور جار هەمزەئاغای مەنگور دەی گوت حەجەم ئیندە بەیەکا یەنین لەشکری حەجەم هات دیاریەکی زوری هینابو هەمزەئاغا ، لە سەرەتاوە باوەری پێ نەکردن وپێ گوتن . . . . . . . لەمەعاشان ، بەگوری باپیر ئاغای گەورە

---

کەلە بەشەرەفە بەلام بەهەر جورلیك بدریتەوە ئەو خو بەدەستەوە دانە بو پیاویکی وەك ئەو بەمەلەیەکی میژوویی دا ئەنریت .

کە ئەویشتان بەفێڵ کوشــــت هیچ رونا کیەکتان لەلەش و نیوچاوانیدا نابینم، ڕوو ڕەشی وەك ئیوە فیلباز نەبوتن و ناش بیت، تەنیا ئەوەندە نەبێ ئەلین خودایەکە، ئەگەر قـورحانیم بوبخون ئەو دەئی ئاشتیم] سەرت نەیەشینم قورحانیان بوخوارد، دوایش دیتمان چۆن خوی و سەد کەسیان لەمەنگوران هەربە سەربڕین لەناو برد

ئیمە کرمانجی وزرکا دەرویـش و تـــایفەی هەموو دەگـەل جەمهوریەتی کوردستانین و ئەو ڕیگایە گرتوومانە بەری نادەین پاش ئەوەی ئەم لاوە ووتارەکەی تەواو کرد خەلکەکە دەرونی گەشایەوە بەم ڕاستیە کە بلاوی کردەوە. پاش ئەوەی سەید علی ناویك لە دراو پەرســــتەکانی شاری مەهاباد ونوکەری داگیر کەران وەدەنگ هات ووتی بـابم ئەتو کرمانجی عەقلت پێ ی ناشکی چون بەبی فیشەك و چەك و چۆل شەڕ دە کـەیت ؟ خـو ئیمە شیت نەبووین ئەوان دەولەتی وەك ئەمەریکا و ئینگلیزیان لە پشتە. ئەو دوو دەولەتە مەشهورن بە زورداری و دەولەمەندی ئەتو بەچوارچەکی تفەنگی بی فیشـاك چیت پێ دەکـرێ مال ویران لەگیان و مال وەرس بویت، ئەو دەورە نەما بەخەنجەر شەر بکرێ. ناوالله عاقلانە تەسلیم بـین باشترە لە شەڕ کورەکەی منیش کە باباغایەویەکیکە لە کاربەدەستاز و لەناو یەکیەتی لاوانیشدا

ئەندامە هەر بەخزمەت بووە : ئەویش لەو باوەڕەیە کەبەشەڕ نەبین کوتوپڕ یەکیکی تەماتیك هەلگرو ئەندامیکی یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستان دەنگی هەلبڕیو گوتی :

## پیشەوای کوردستان

خەلکی قارەمانی شاری مەهاباد

جوتیارە بەوەفاکانی کـــورد

لەسەرم کرا بە ئەرك کەلە رووی ئیوە لەم روژە ناسکەدا پیتان رابگەیەنم کە کومیتەی یەکیەتی لاوان و هەموو ئەندامانی لەو عەهدو پەیمانەی کەلەگەل ئیوەی بەست ، وەبەو سویندەی کە لەژیر لە رینەوەی ئالای کوردستان و وینەی پیشەوا قازی محمدی مەزن وەفا بکەن ، وەدیسان سویندی خومان دوپات ئەکەینەوە کە تا ئاخر دلۆپی خوینمان [ لیرەدا قازی محمد بزەیەکی زور قوول گرتی بەلام لەگەل بزە کـــەدا فرمیسکی دەچاوان تزا ] لەگەل جەمهوریەت و پیشەواو حزبی دیموکراتی کوردستانین : وەئەگەر ئەو کابرایەش بخوازێ چی‌تر باسی یەکیەتی لاوان بکات «۳۲۰» گوللە تەماتیك کەبولەشی دوژمنی هیرش هینەرم راگرتوون لە زاری ویدا ساردی دەکەمەوە .

بژی پیشەوا ، بژی جەمهوریەت ، بژی رابەرمان حزبی دیموکراتی کوردستان . پاش تەواو بوونی ووتاری ئەم ئەندامە

تیکوشەرە ، کابرایەکی تر هەلی دایە ووتی بابم . ئەگەر بەتەمای ئەوەبن لەناو شارو دەورو بەری سابلاغ شەر بکەین بەخوا شەر نەکردنمان گەلێ باشترە ، بەلام ئەگەر جەبهەی شەرر بەرینە سەر سنوری ئاذەربایجان و کوردستان لەگەل حەچەم ئەودەم قەیدی ناکات ، ئەگینا شەر لەپالەوە لەناو شاردا خۆ بەقرردانە .

ئەفسەریکی(٢٠)لاوی کەلەگەتی پووزەوانە هەلمالیو کوتو پرر هاتە دەم پیشەوا سلاویکی سەربازانەی کردو قسەکانی لەدەم کابرا برری‌و ووتی :

هاو نیشتمانان

لاوە قارەمانەکان

من وەك ئەندامیکی حزبی دیموکوات‌و ئەفسەریکی جەمهوری

---

( ٢٠ ) ئەم ئەفسەرە کاپیتانی جەمهوری [ کاکە حەمە ] وەلە ئەندامە تیکوشەرە بەرزەکانی حزبی دیموکرات بوو وە یارمەتی دەرو هاورێی پوت پولکنیك میرحاج بو کەلەو کاتەدا لەجەبهەی شەردابوو وەناوبراو لە سەروکە نیشتمان پەروەرەکانی [مامەش] بولەم سالانەی دواییدا کار بەدەستانی ئیران گرتیان و لەسەرە- تاوە بەخنکاندن حکمیان بەسەرادا پاشان کرایەوە بە ( ١٢ ) سال‌و لەتاران بەندکرا .

ئەمەوێ بڵێم بەخوم و پێشمەرگەکانی و هەموو هێزی قادری لەعەشیرەتی ( مامش ) تا ئاخر دلوپی خوێن رێگای رزگاری جەمهوریەتی، کوردستان بگرم هەروەك پێشەوا فەرمووی [ با لە پاڵ تفکەکانن فیشەك لێ برراومان شەهید بین باشترەنەك بە ژێر دەستی و دیلیەتی ] .

بەلام ئەوەندەش بزانن کە دووکەس لەناو ریزماندا ناپاك بوون .

جەمهوریەتمان خاوەنی جەنەرالی وەك ( موستەفا بارزانی و محمد حسین سەیفی قازیە ) قەد گەلی کورد بە لادانی ئەوان و هەندیکی دی لە خو فروشەکان نابزوێت و ناکەوێت . گەلی کورد چاوی کراوەتەوە تازە نابەستریتەوە ، بە تەواوی ئەم ئەفسەرە لە ووتارەکەی نەبو بوەوە مەلایەك دەمێ بە عەرەبی و دەمێ بە کوردی دەستی کرد بە ووتارو ئایەت خوێندنەوە ، ئەی ووت ئەم هەموو ئایەتانە دەلین هەر کە مەترسی رووی تێ کردن ئەوە لای هیمنی و ساغو سەلامەتی بگرن ئەوە بو دینێ باشترە ئیمەش موسلمانین .

بە کورتی بەهەزارو یەك دەلیل و بەلگەی عەرەبی ئابتی کرد کە بەشەر نەکردنمان بو دین و دنیامان بە کەلكترە . وەهەروەها ووتی تازە حکومەتی ئیران . خو بو شەر کردن نایتەوە ، بەلکو

ئەوە دیتەوە لە کوردستان هەلبژاردن بکریت وە لە خەلکی ناوچەکە بپرسن ، ئایا دەولەتی ئیرانیان دەویت ، یان بوخویان خاوەنی حکومەتیکی ناو خویی بن . بالە خومانی نەشیوینین ، ژیانی خەلکی ئەم وولاتە هەمیشە لە شەروو شـــورو کوشتارا بووە . دوای ئەو هەندێ بازرگانی سورە زرتەی مل هور کەوتنە گفتوگو بەلام هەر نوزەیان لیوە ئەهات کە قسەیان ئەکردوە کەس لێیان تی نەگەیشت چی ئەلین دیارە مەبەستیان هەر شەر نەکردن بوو وەپشت گیری کردنی رای ئەو کەسانە بـوو کە قەدەغەی شەر کردنیان ئەکرد بەرامبەر بە سوپای ئیرانی هیرش هینەر . میزەر شینیك دوای ئەوان وەدەنگ هات ووتی هەموو عەشیرەتی دیبوکری و زوربـــەی کەورك بیجگە لە کەورکی ( کولوی ) وبناری ، هەموو بەپیر عەجەمەوە رویشتوون ، جا ئیتر ئیمە چون دەتوانین شەر بکەین ؟...

وە بە کورتی حالیکی ناخوش دلی هەموو خەلکی پەرۆش و ماتەمین کردبوو ، پیشەوا لەماوەی ئەم ووتارانەدا تا کوتایی زور بە ووردی گوێی شل کردبوو . لـە ئەنجامدا لەلایەن صدیق ناویکەوە کوتایی بەم کوبونەوەیـە هینرا ، بەرهەمو ئامانج لەم کوبونەوەیە هاتە سەر شـــەر نە کردن و بەرگری نەکردنی هیرشی سوپای ئیران .

## ٢ ــ « لەناوبردنی کومار »

دوای ئەوەی بەناچاری بڕیاری شەر نەکردن درا بەرامبەر بە گەڕانەوەو هێرشی سوپای ئێران لەروژی ١٢ ــ کانونی یەکەمی ـ ١٩٤٦«٢١»دا سوپای ناوبراو گەیشتە شاری بوکان ودادگای عورفی تیا دانرا . پاش ئەوە ڕوو بە مەهاباد کەوتە ڕێ . سەر کردەی ئەو هێزانە جەنەراڵ هومایونی لە سەرەتای هێرشەکەیەوە ویستی ئەو کوردە خوفروشانە لە سوپاکەیاندا مولیان خواردبوو ، جلی سەربازیان لەبەر کات وەبین بەچاوساغی سوپاـ کەیان . بەلام قازی محمد سەدری قازی نارد بولای کە بەهیچ جوریك ڕیگا نادەن بەو خوفروشانە لەپیش ئەو هێزانە بکەونە ڕێ . سەرلەشکری ناوبراو بەوجورە لە نیازەکەی خوی بە ناچاری پاش گەزبوەوە بەوقەدەغە کردنە سوپای داگیر کەر لە روژی ١٥ ــ کانوونی یەکەمی ــ ١٩٤٦ لەهەردوو قولی بوکانو میان دواو بەهێرشێکی کوتوپڕی گەیشتە شاری مەهابادو داگیر

---

«٢١» هەر لەو روژەدابوو داوا کرا ژەنەراڵ موستەفا بارزانی خوی و هیزەکەی لە مەهاباد بکشیتەوەوچولی کات وە بەرگری وشەر لەگەڵ سوپای ئیراندا نەکات ، گوایە ئەم سوپایە بو هەلبژاردنی سەربەست ڕرو ئەکاتە مەهاباد .

کرایەوە . قازی محمدو خەلکی هەموو پیشوازیان لێ کرد ، بەلام شەر نەکردن و پیشوازی لێ کردن هیچ سودو کەلکی نەبەخشی بەلکو زور بەشیوەیەکی نامەردانە هاتە مەیدانەوەهەر لە «۱۷» ی ئەو مانگەدا قازی محمدو هاوریکانی گیرانو توندی زیندان کران . لەوکاتەدا سەدری قازی لە تاران بو وەخەریکی ئەوەبو ناوبژی بکاتو باری ستەمکاری هیمن بکاتەوە چـوونکە نوینەر بولەپەرلەمانی ئیراندا : بەلام ئەویش لەئەنجامدا لـە ۳۰ی کانونی یەکەم گیراو هینرایەوە بو مەهاباد و زیندان کرا. رژیمی ئیران لەگەل خەلك کەوتە درۆودەلەسـە بە تایبەتی لەگەل سەرەك هوزەکان بو ئەوەی لەحزبی دیموکرات هەلیان بگیرنەوە وەدلیان سارد بکاتەوە بەرامبەر بە قازی محمد ، وەتوانی هەندێ کەس هەلخەلەتینی بەم پروپالانتانە ناویان بنین بەشادۆست لەلایەکی ترەوە بەناو خەلکا بلاویان کردەوە کەقازی محمدو هاوریکانی زور بە میهرەبانی لەگەلیان هەلئەسینو دائەنیشین وەك لەمالی خویاندا بن وایە ، وەلەلایەن کاربەدەستانەوە بـە دیل سەیر ناکرین . چوونکە هیچیان لەسەرنیە ، بەم ریگەیەش ئەفرەی زورکەسیان داو هیمن کرانەوە ، وەتا هەنگاو بەهەنگاو دەست گیر ئەکرانو ئەدران بەدادگا سوپایە رەمەکیەکان . پاش چەند روژیك کەوتنە پرسیارو هینانو بردنی پیشەواو هاوریکانی

بو دادگای سوپایی ، دیاره ئەم لێپرسینەوە بو چاو بەستبوو ئەگینا دەمێك بوو برریاری کوشتنیان درابوو ، تاوانی قازی محمد ئەوەبوو کە درایە پالی گوریێ ئالای ئێران بووە وە لە سەردەمی کوماردا ووتراوە بمرن ئەو کەسانەی قەدەغەی ئازادی و سەربەخویی گەلی کورد ئەکەن وە لەگەل رژیمی تارانیان بووە .

تاوانی محمد سیف قازی لە بەر کردنی جلو بەرگی ژەنەرالی بوو تاوانی سەدری قازی هاوکاری و یارمەتی دانی کوماری کوردستان بوو . لە روژی ١٩٤٧/١/٢٠ حکم درایە سەر هەر سێکیاندا بە خنکاندن ، دووبارە ( سەر هەنگ زەرغامی ) لە تارانەوە هات کەوتە سەرنج دان و سەیر کردنی پەروەندەکانیان ئەویش مۆری کرد کە ئەمە حوکمیکی راستو بەجێیە وە بە پێی یاسایە ، . . . لە سەر چونیەتی خنکاندیان کوردیکی ئاوارە (٢٢) نوسیویەتی ئەلێ :ـ کاتێ تەمەنم لە چواردە سالان تێ پەری نەئەکرد رۆیشتم بو تەوریز لە بەندیخانەی شار باوکم بە حوکمی ئەبەدی لەوێ بەندکرابوو لەسەر ئەوە کە ئەندامیکی دیموکرات بوو .

---

«٢٢» روژی نوێ ژمارە « ٤ » سالی دووەم بە دەست کاری یەوە .

باوکم ووتی ( رۆڵە من هیچ غەمی خۆمم نی یە ، دڵتان لای من نەبێ کار لە پیاوان دەقەومێ ، منیش چەتەیی وریێ گریم نەکردوە لە سەر کارێکی پیاوانە گیراوم کە هەتا هەتایە مایەی شانازیە ، من هەر ئەوەندەم غەمە کە ئەو کارەی دەستمان پێ کرد تەواومان نەکـرد . ئەگەر بشمان کوژن هەر شادین بەوەی کە توانیمان لە بەشێك لە خاکی کوردستانی گەورەدا کومار دامەزرێنین و نەتەوەی کورد بە جیهان بناسێنین وەك نەتەوەیەکی ئازاو بەهێز کوردم ئامۆژگاریم ئەوەیە کە هەرگیز ڕێگای کوردایـەتی بەر نەدەن . وە ئەوەندە باوەڕتان بە هێزبێت بەزەردەخەنەوە بەرەو پـێری مەرگ بچن ، کوردم هەر کوردێك ڕێگای کوردایەتی بگرێت تۆ خۆت بە بچوکی ئەو بزانە ، وەووتی چیت بیستوە بـەراسـتی بومـان بگێڕەرەوە دەربارەی پێشەوا و هاورێکانی ؟ .

منیش ووتم بابەگیان پێشەواو هەموو هاورێکانی لەسەر بازخانە گیراون هەوالێکی وایان نی یە ، ئەوەندەم بیستووە کە دوو رۆژ لەمەوبەر بەهۆی جەژنەوە لە ماڵەوە نانیان بو ناردوون ، کاتێ کەسینیەکەیان هیناوەتەوە پێشەوا لەژێر سـینیەکەدا ئەمەی هەڵکەندووە ، چاوەرێی کوشتنمان بن ، بەڵام مەلا موستەفا لە نەغەدەوە تا کێوە بەرزەکانی [ شنو ] و ( تەرگەوەر ) هەمووی



سەدری قازی        سەیفی قازی

بە دەستەوەیە ، زیاتر لە «٢٠» هەزار سەربازی هەتیوەکەی رەزاخان هێرشیان بو ئەو ناوچەیە بردووە . روژنیە بەماشێن لاشەی کوژراوانیان لێ نەهێنرێتەوە ئەو هەموو سوپایە شپرزە وپەریشان کراوە دیلو کوژراویان لەژمارە نایەت ، ئەودەنگو باسانە وەهەندێ شتی ترم بوگێرانەوە .

کەلە تەوریز گەرامەوە بو مەهاباد ناخوشی و ماتەمی هەموو شاری داگرتبوو کەس نەبوو خوشیو روناکی بەدەم و چاویەوە دیاربێت یا بزەیەك بەدوو لیویەوە دەرکەوێت هەموو لەدەریای بەژارەو دل تەنگیدا خولەیان ئەهات بەبونەی گرتنی پێشەواو نیشتمان پەروەرەکانی شاروەبەر دەوامی ژەندرمەکانی لە سەر ستەمتکاری لەگەڵ خەلکی بێ تاوان لەشاری مەهابادو ناوچەکانی تر . هەرکە گەیشتمەوە مالی خومان دایکمو منداله وردەکانو دراوسێکانمان هاتن بەپیرمەوە وتیان بومان بگێرەوە بزانین باوکتو بەندەکانی چونن و لە چ حاڵ دان ماوون مردوون؟

منیش ئەوەی ئەمزانی بوم باس کردن لەگەڵ ئاموژگاریەکانی باوکم بو شەوی نووستم بەلام چون نووستنێك هەردەمە نادەمێك رادەچلەکام ، هەر کە خەوم پـــیا ئەکەوتەوە باوکە دەهاتەوە بەرچاووم . ئازانەکانم ئەدین بە ناو هولەکانی زیندانەکەدا هاتو چویان ئەکرد : لەپر بە دەنگی دایکم بەخەبەر هاتم کـــەئەی

ووت ( ئەرێ ڕۆلە بو وارادەچەنـی ؟ ) بەلێ لەنیوە شەوی ( ١٠ خاکە لیوەی ١٣٢٦ = ٣١ ـ مارت ـ ١٩٤٧ قازی محمد و حسین سەیفی قازی و محمد سەدر لەزیندان دەریان هینا بوون بو ( مەیدانی چوار چرا ) بو ئەو مەیدانەی کە لەدایك بوون و دامەزرانی کۆماری دیموکراتی کوردستانی تیا بلاو کرایەوە، ئەو مەیدانەی ئالای کوردســتانی تیا هەلکرا ؛ هەر لەویدا پیشەواو هاوریکانی ئەو شەوە خنکینرا بوون .

دەمەبەیان کە روژی پرشنگی ماتەمی خوی بەسەر مەهابادا بەخشان کرد ، لەپرر شیوەن دەســق پی کرد ژنو مندال دراوسێ بەلە خودانو گریان خویان کرد بە مالی ئیمەدا . ئەی رو ، ئەی هاوار ؛ ئەوەنوستوون ؟

هەموو سەرسام بوین ، تاکو وشەی پیشەوامان بەرگوێ کەوت کە ووتیان پیشەوارۆ ، ئیتر من لەسەرمەوە هەتا قولە پیم هاتە لەرزین وکاری کردە سەر پەردەی هەستم ژیانم یەکسەرلەبەر چاو تاریک بوو .

پیشەوا ؟ چون ؟ کەی پیشەوایان خنکاندوە ؟ ژنانی دراوسی بە ئاواز شین و هاواریان ئەکرد هەی رۆ باوکی هەزارانو سەر کوماری کوردستان رۆ ، ئای زور دارینە ئای بێ ئـایینە هەی بێ شەرەفینە واژتان لە پیشەوامان نـەهانـی کوشـــتتان ،

ئەی روو رەشـــەکان ئەی بێ پەیمانەکان ئـەی نوکەرە لموز خوێناویەکانی هەتیوەکەی رەزاخان چون توانیتان پەنجە بـو پیشەوا بەرن ؟ .

خودایە بوخەشـــم و رقت نابزوێ ، ئاخر ژێر چەپوکی تاکەی ؟ ئەدی کوا دەلێن زالم زەوالەی هەیە ؟ تاکەی دوژمن لەقە لەدل و جەرگی کورد بدات ؟ تاکەی کوردســـتان لەت و پارچە پارچەبیت ؟ تاکەی کول بەکول بەهـەزاران لە لوتکەی چیاو گەروی دۆلا دەر بە دەربن ؟ تاکەی منالان بەزاکو زروك وبە بومبا لەگەل خول‌دا تیـــکەل بن و تەلەزمی بەردو پارچە ئاسنی گولله توپ لە چاوی جوان و روومەتی ناســـکولەیان بچەقیت ؟ تاکەی ئەم نەتەوەیە دیل بیت ؟

خەلکی شار هەموو چاو بەقین و سور هەلگەراو بەرەو چوارچرا کشان ، کەس لە مالەوە نەما منال ئەگریا ، پیرەمەچەکو لیوی ئەلەرزی ، لاوجیرەی ددانی ئەهات لە عەزرەت ئولەسەندن و لیوی تولەیـان ئەکروشـت بـیریـان لـە خوین رشتن ئەکردەوە .

چوار چـرا جمەی ئـەهات لە ئاژان و ژەندرمەی ســوپای داگیر کەری تاران شەستیرەکان دەمیان بوخەلکی دابچریبو لە سەربان و شوینە کشتی یەکاندا . ۳سێ داری قەنارە لەمەیدانـی

چوار چرا دامەزرێنرابون کە٣سێ لاشەی پیرۆزی موقەدەسیان پیا هەلواسرابو خەلکەکە ووردە ووردە بەرەو مەیدانەکە جوولا ژەندرمەکان بەو نیازەوە قەدەغەی خەلکیان نەئەکرد گوایەچاو ترسێن بن بەسەیری لاشەکان . بەلام خەیالیکی خاوبوو کەلێ کورد تا ئەو روژە هەزاران لاوی لێ شەهید کرابو ، بێ ئەوەی چاوی بترسێ و واز لە بزوتنەوە بهێنیت . بەلکو بە پیچەوانەی نیازی ئەوان ، دیمەنی تەرمەکان وسەیر کردنیان زیاتر پاڤی بە خەلکەوە ئەنا بڕریاری تۆلەسەندن بدەن لە رژیمی کونەپەرست درەنگ بێ یا زوو . پیشەوای نەمری کورد بەبەرگی قازیەتیەوە هەلواسرابوو سەدری قازی لەلایەکی و سەیفی قازی لەولایەوە هەلواسوابوون .

محمد سەیفی لەبەر کەلەگەتیو بەخووە بوونی لاشەی لەکاتی هەلواسیندا پەتی قەنارەکەی بچڕاندبوو ، بەلام درندەکان سواری کولەکەی سنگی بوو بوون وە بە دەست خنکاندبوویان و دوایی هەلیان واسیبوو ، قازی محمدی نەمر لەبەر دەمی سیدارەکەدا دەست نوێژی گرت و دووچەمینەوە « ٢٣ » نوێژی کردو لە یەزدان پارایەوە بەبێ ئەوەی خوی تیك بدات و لە سەرخو رووی کردە پاسەوانەکان فەرمووی ( ئەی حەمە رەزای خائن ئەی

---

٢٣ ـ دوو چەمینەوە = دوو رکعات .

حکومەتی دەست کردی ئیستیعمار باش بزانن و دلنیابن بە کوشتنی قازی محمدێك کاری ئێوە ساز نابیت و نەتەوەی کورد دەست لە خەبات هەلناگرێ ، بەلکو تێکوشان بەتینتر ئەبیت وە کوردستان هەر رزگار ئەبیت .

لەوباوەرەدام هەر دلوپێك لەخوێنی قازی محمد ، قازی محمدێکی دی کەی لێ پەیدا ئەبیت کە ئەوان زور دلرەق ئەبن بەرامبەر بەو کەسانەی بوون بە جەلادی شەعبی کوردی ، ئەوسا بو کوێ دەر ئەچن ئەی ترسنوکینە ] ئەمەی ووت پەتەکەی کردە ملی «٢٤»

---

«٢٤» [ ولیام دو گلاسی ] ئەمریکی لە پەراوەکەی خویدا ( أرض غریبەو شعب صدیق ) نووسیویەتی چاوم کەوت بە ژن و پیاوێك لە ناوچەی موکریان دیاربوو لەدوورەوە هاتبوون پیاوەکە سواری گوێ درێژیک بوو بوو ، ژنەکەی ز.ر بەشانازیەوە بە پیادە لەگەلیا لەرێگایەکی پرر لەدرەخت دا ئەرویشتن پاش سلاو کردن لەیەکتری لەپیاوەکەم پرسی خەلکی کوێیت ؟ ووتی خەلکی لای سەرەوەم لە نزیك [ خوی ] ووتم بو کوێ ئەچن ؟ ووتی ئیمە دوو کوردین ، ئەچین بو سەر گوڕی پیروزی قازی محمد بو حەج . لە گفتوگو کردن و دەمو چاوو خەنجەرەکەی بەرپشتوێنەوە وا دەرئەکەوت کەلەرێگای ئەم نیازە پیروزەدا

وەزیری جەنگی محمد حسین سەیفی قازی لەبەردەم قەنارەکەدا ووتی [ شانازی ئەکەم بەوەی لە رێی نیشتمانا رویشتم‌و گیانی خوم پیشکەش کرد لەرێگای رزگاری گەلی کورد ] . لەکاتی لێ پرسینەوەی دادگا پیشەوا بە سەروکی دادگای ووت من هەرگیز بوخوم دیفاع ناکەم کردەوەی من لەرێگای رزگاری گەلی کوردا ئاشکرایەو خوینی من بو ئیوە ، بەلام ســـەدری برام تاوانی نیە بیجگە لەناو بژی کردن لە نیوان کوماری کوردو و دەولەتی ئیراندا وە نوینەری ئەم ناوچانە بووە لەپەرلەمانەکەی خوتاندا ئامادەیە بوخو بەخت کردن ئەگەر قەدەغە بکریت . هەر وەهـا نووسیویەتی : ئەوەی راست و بێ گومانە ، گۆری قازی محمد مەزارگەیەکە لە هەفتەیەکدا سەدان کورد رووی تێ ئەکەن ، وەخنکاندنی ئەم پالەوانـە وەنەبیت بوویت بەهوی واز هینانی کوردەکان بو خەبات لەریگای رزگاری‌و سەربەخویی ، بەلکو زیاتر هانیان ئەدات بو تولەسەندن وە ئەو زامە هـەرگیز ساریژ نابیت بەتایبەتی لەدلی جووتیارو رەنج بەراندا کەسەدان میل ریگا ئەبرن بو زیارەت کردن وبەریزگرتن و یاد کردنەوەی وەدلنیان لەوەی قازی محمد پیاویکی نیشتمان پەروەر بووە، وە گیانی خوی پیشـــکەش کردووە بو هاتنەدی ئامانجی گەلی کورد .

دیاره ئەم راستیە ئەچوو بەگوێی کابیتەن بە کـریێ گیراو .
کاتێ کە خەلك دەستی کرد بەبلاو کردن دەستە دەستە لەناو خویانـ دا پەیمانیان تازە ئەکردەوە کە تولەی پیشـــەواو هاوریکانی بسێنن .
بەو جورە رژیمی کونە پەرستی ئیران بە یارمەتی ئیستیعماریەکان و خو فروشەکان لە پیلانەکەیا سەر کەوت و دوای ئەوە دەستی کرد بە گرتن و خنکاندنی ئەندامانی کومەلی دیموکـــرات و ئەفسەرەکان و کار بەدەستە گەورەکانی کومار . لە ١٩٤٧/٤/٧ هەر لە مەهاباد ئەفسەر حەمید مازوان ، ئەفسەر عبداللە روشەن فیکر ، ئەفسەر محمدی ناظمی ، ئەفسەر رەسول نەغەدەیی لە سیدارە دران .
وەلە شاری بوکان ئەفسەر علی شیرزاد ، ئەفسەر محمد ئەمین کەس نەزانی ، وە ئەحمد خانی فاروقی لەگەڵ دوو برای لەهوزی فیض اللە بەگی هەرلەم هوزە محمد خان و محمودخان و محمدی شیرزادی هەڵواسران : هەر وەها رەسول ئاغای میرەدێ ، ئاغا صدیقی سەقزی وعەلی فاتحی . عبداللە مینە خالندی ، هاشم هەمزەیی . ئەحمد خدری ئەمین ئەسعەدی ، حسین جلالی ، عەلی جوان مەردی ؛ وەستا برایمی بەنا ، حەمەسەن برایمی ، مارفی پورە زەدیفی ، ئەحمەد وەستا حسن ، محمد نسانەوازادە لە سیدارە دران .

ئەمە بیجگە لە شەهیدانی تر کە ناویان نەنوسراوە لـە کاتی خوی‌دا وشەهیدانی گەرمەی شەر وەك هاوریێ خوشەوی و خەلیل بارزانی وەبیجگە لەچوار قارەمانەکەی کوردســتانی عیراق عیزەت عبدالعزیز و مصطفی خوشناو ، خیرالله و محمد قودسی کەلە بەنـدیخانەی بـەغدا لە ١٩ ــ حوزەیرانی ــ ١٩٤٧ لەقەنارە دران وگیانیان کرد بە قوربــانی لە ریگای رزگاری گەلی کورد . ( ٢٥ )

پاش ئەوەژەندرمەکان کەوتنە ناوشاری مەهاباد وشارەکانی تر، هەرچی نووسراوو چاپ کراوی کوردی هەبوو هەموویـان کۆ کردنەوە لەبەر چاوی کوردەکان سوتینرا . چاپخانەکەیان

---

( ٢٥ ) [ چەند هونراوەیەك لە یادی پیشەوا قازی محمد ]

یاران با بادەی پر مەی برێژین با کورپەی خوشی و شادی بنیژین
با بە ئاخ و ئوخ بەحەسرەت بەداخ تەماوی بکەین ئاوینەی دەماخ
بەهەناسەی ساردبەگریەی بە کول دەرکیشین لـەبن رەگ وریشەی دل
بابە دلوپـی فرمیســکی خوینین قوری بوشــینی ئەمرو بشیلین
بابە قولنگی تیژی فەرهــادی هەلکوتینە سەر بیســتونی شادی
کە کەردی ئەما بە دلـما نەوە تــەپ و توز ئەما بە گولما نەوە
ئەوسا لەشوینی جیژنی بەختیاریدا لە قەلەم رەوی شای هەژاریـدا

پارچە پارچە کرد . خویندن و نووسین بە زمانی کوردی بەتەواوی قەدەغە کرا . کەوتنە سزادانی خاوەنی ئەو پەراوو نووسراوانەی کەلـە سەردەمی کوماردا بلاو کرا بوونەوە .

## ٣ ــ ( گرنگترین هویەکانی لەناوچونی )

١ ــ کەم و کوری تـوانا و دەسەلاتی حـزبی دیموکـرات لە کوکردنەوەی هیزی کریکارو جوتیار ، وە پاراستنی مافیان بە شیوەیەکی ریکوپیك ، هەرچەند بەناو یەکیەتی رەنجبەران و جوتیاران هـــەبوو بەلام لە زور ناوچەکانی کوردستانی

---

لەدلی گەورەی گشت کوردستانا　　لە کانگای دلی هەر یەکیکمانا
کوری هەلکەنین بوتەو سەرداره　　بە قولی هیواو پانی پەژاره
گوری بو لەشی نەوەك لەگیانی　　گیانی نەمری دوور لە نەمـــانی
گیانی بەدیلی ژیان نەویستی　　گیانی ئازادی میللەت پەرستی
خوی کردە قوربانی خوای ئازادی　　تا گەل بگاتە سەربەستی وشـادی
گەرچی شیوەنە شینی پیشەوا　　گریان نەنگییە لەشینی ئـەوا
بیخی ناکوکی و نفاق هەلکەندن　　ریگاو شوین دانان بو تولـەسەندن
یەککرتن؛ چەنگین نەبەرد تامردن　　هەول و تەقەلای گەل ئازاد کـردن
گیانی بلندی سەرۆك ئەکەن شاد　　ئەی گەیشـە بە هەشتی مراد

( بلە )

ئێران پەرەی نەسەندبوو تابتوانن هاوکاری بکەن لەریشـــەی داکوتانی کوماردا .

٢ـــ جێ بەجێ نەکردنی چارەسەر کردنی کشتوکاڵ بـــە شێوەیەکی پتەو بەبونەی بەشداربوونی هەندێ لەخاوەن زەویو زارە گەورەکان لەسەر کردایەتی کومەڵو ئەنجومەنی وەزیران کارهەلـــوێنەرە بەرزەکانی کوماردا ، بێجگە لەچەند پارچە زەویەکی ئەو دەرەبەگانە نەبێت کە خو فـروشو پەنا بەر بوون بە رژێمی کونەپەرستی تاران ، بێ ئەوەی دەســـت لەزەویو زاری تر بدرێت .

پێویستە ئەوەیش بزانین کە کوماری ئاذەربایجان بە جورێکی رێـــکوپێك زەویو زاری دابەش کرد بەسەر جوتیاراندا و لەگەل ئەوەدا هەر ئەوەبو لەناو چوو ! مەبەست ئەوەیە گەلی کورد هەموو تواناو دەسەلاتی رەنجبەرانو کرێکاران بخاتە فرمانو ئیش کردن بوبە دەست هێنانی مافەکانی نەتەوایەتی گەل بەرزگار کردنیان لە چەوسانـەوەو ژێر دەستی وە بـەر دەوام بوونیان لەسەر تێکوشانو خەبات چونکە زوربەی گەلن . هەر وەها دور خستنەوەی ئەو کەسانەی شوێنی بەرژەوەندی خـویان نەکەون وە لەسنورێکی تایبەتی دا پاش گەز ئەبنەوە لە هاوکاری کردن لەشورشی هەمیشەیی لە دژ هەموو داگیر کەرانی کوردستان

لەهەر بەشێکیا . لە ڕاستیدا پێشمەرگە زوربەی ، لەزەحمەت کێشان پێك دیت نەك لەوانەی خویان هەڵ ئەقورتێنن وجێی خویان ئەکەنەوە تا بەئامانجی خویان ئەگەن لـە پرپشت لە ئامانجەکانی گەل ئەکەن ئیتر گوێیان لە بزوتنەوەو خەباتـــی نەتەوایەتی نیە سەرکەویت یانا ، کەواتە دەرگا لێ کردنەوەیان گەلێ زیانی زورترە لە سوودی .

٣ ــ لایەن نەگرتنو یارمەتی ناوچەکانی تری کوردستانی ئیران وەیارمەتی نەدانیان بومانەوەی کومار ، وەك هەریمی سـنەو کرماشانو مەریوان هەندێ لە ناوچەکانی تر ، چونکە هەستی نیشتمان پەروەری لەناویانا پەرەی نەسەندبو تەنانەت هەندیکیان ئەم بزوتنەوەیان بەتاوان دائەنا ، ئەمە لەلایەك ، بێ دەسەلاتی سوپای میللی کورد بەناچار کردنیان بو خستنە ژیر فەرمانی خوی و بەشدار کردنیان لەهاوکاری و یارمەتی دانو سەرفراز کردنیان لە

---

لە مەهاباد ؛ لە وولاتی کوردی ئازاد
پالەوانان ، ئەو رۆلانەی بەدڵو بەگیان
لەگەڵ زۆرداردا ئەجەنگان
بو بەر سێ دارە ئەبــران

دوای زوردار لەلایەکی ترەوە . بەو جـورە دانیشتوانی زور شوێنی گرنگ خویان دورە پەریز گرت و نەهاتنە ژیر ئەرکی نەتەوایەتی وپیویستیەکانی سەرشانیان .

٤ــ نەبوونی هیزیکی دیموکراتی گشتی لەناو ئیران بەشیوەیەك بتوانن ( بەرەیەکی نیشتمانی یەکگرتوو ) پیك بهینن بو پاراستنی مافی هەموو نەتەوە چەوساوەکان بەتایبەتی لەپایتەخت وشارە گرنگەکاندا .

٥ــ لایەن گرتن و یارمەتی دانی ئینگلیزو ئەمەریکا بورژیمی نوکەریان ، بەسوپاو پارەو چەكو هـەموو پیویستیەك بولـەناو بردنی کوماری دیموکراتی کورد .

٦ــ بلاو کردنەوەی پروپاگانـدە و درۆو دەلـەسە بە نـاوی

---

لە بن دار لە ژیر لیشاوی ئازارا
پرر بە دەمیان ئەیـــان قیژان
ژیان بو کورد و بـو گەلان
مادام کورد رۆلەی وای هەیـە
ملی بـو دار ئـــامادە یـــە
وەك گەلانی قاڵ بوی خـەبـات
بە سەر بە خویـی هەر ئەگات

[ ع٠ح٠ب ]

ئاینەوە گوایە سوڤیەت تەقەلای ئەوە ئەدات کە لەسەر بیرو باوەڕی ئایینی خۆیان قەدەغەیان ئەکات ، ڕژێمی تاران ئارادەیەك لەناو دوا کەوتووەکاندا سەرکەوت دوری خستنەوە لەهاوکاری کردن بۆ پاریزکاری کۆمارەکەیان .

٧ـ وەك باس کرا ، تەفرە خواردنی هێزە نیشتمانیەکان وبێ دەنگ بونیان لەکز کردنو دور خستنەوەی ئەندامەکانیان هەنگاو بەهەنگاو ، وەبەتەما بوونیان کە دیموکراتیەت سەرلەنوێ ئیران ئەگریتەوە و سەربەستی بیروباوەڕیان ئەبێت کە وتراوە ، — بزن بیینەو دۆی بخوازە — دیارە نابێت باوەڕ بە ڕژێمێك بکرێت کە ئیمپریالیزم بناغەکەی دارشتبێ .

٨ــ کشانەوەی سوپای سوڤیەت بەو بیانووەوە کە ئەوەك

---

ئەی پیشەوای دیموکرات
مردی نەگەیشتی بە ئاوات
خنکێنرای بە دەستی زوردار
بە دەستی کلکی ئیستعمار
ئەدینی هەبوو نە ئیمان
نە تەنها تۆزێك ویجدان
پەیمان و سوێنی خۆی شکان   زور بەنامەردی توی خنکان

[ م٠رسول٠هاوار ]

شەریکی جهانی سێیەم رووبداتەوە بەلام سوپای ئینگلیز و ئەمەریکای هاوسەوین لەم دەرگایە چوونە دەرەوە لەولاوە هاتنەوە خاکی ئیران بو پاریزگاری رژێمە دەس کردەکەیان .

٩ـ بێ دەسەلاتی و کەم تەرخەمی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی گیروگرفتەکانی گەلی کورد ، کەزور جار ئاگادار کراوە لەو رووەوە وهیچ سودو نرخیکی نەبەخشیوە چونکە لەسەر ری رەوی دەولەتە داگیر کەرەکان رویشتووەو نەیتوانیوە پاریزگاری نەتەوە ژیر دەستە چەوساوەکان بکات وەك پیویستە لەسەر شانی . بەناو بریار ئەدات و جێبەجێ کردن نیە .

ئەگەر هوی تریش بەپیری خویندەواری بەریزدابیت وەلەگەل ئەم هویانەی سەرەوە کویان بکەیتەوە هەموویان لەیەك دیرا کوئەبنەوە کە نەبونی ( یەکیەتی و پشتیوانو کەم و کوری زانیاری و روشن بیری بوو ) . هەر وەك ئەگیرنەوە پیاویکی خیلەکی لەمەلاعبدالرحمان پینجوینی ئەپرسیت ئەو هەموو کتیبانە چیان تیا نووسراوە ئەویش کەلە هژدەی وانەووتنەوەدا ئەبیست ئەفەرمێ ئەو ریزە علمی مەنطقەو ئەویش بلاغەیەو ئەو کتیبانەش شریعەت ، هەریەکە شتیك ئەلین کابرا ئەلێ من ئەزانم هەمویان چیان تیا نووسراوە لە هەموویان نووسراوە ( چاك بکەوخراومەبە)

بەکشانەوەو چوڵ کردنی سوپای سوڤیەت لەو ناوچانەدا ئیتر لەبەر هیلاکی و ماندووبوون بو ، یا لەو باوەرەدا بوو کەرژیمی ئیران دیموکراتیەت و سەربەستی بەرپا ئەکات لەئیراندا ، یان هەر هویەکی تر بوو بیت لایەنگرتنەکەی ناسەر پایە دار نەبوو ، سەر لەنوێ وەبەشیوەیەکی زور توندو تیژ تر لەجاران کوردی ئیران کەوتەوەژیر چەپوکی سوپای بێ پەیمانی تاران

---

ئەی ئەوەی قەومانی بەش بەش کرد بەپێی خاك و زمان
دای بەهەر قەومی : نگین و تاج و تەختی حور ژیان
کوا نگینی و بەختی من کوانێ تاج و تەختی من
بولەخاکی پاکوزادی بێ گرتم غەدر ئەکەی نابەخشی پێم
یا ئیلاهی حەقی خوم داوا ئەکەم
کوا نگین و تەختەکەم ؟
بولەعەرشی داد پەروەر ، بودلی کوردی هەژار
تاقە تیریکی ستەم عەکس بکات و بیتە خوار
ئوف هەزار ئوف ئاخ هەزار ئاخ
خالقی کوردی هەژار ئاخ.
( گوران )

وەکەوتە قەدەغە کردنی هەموو مافێکی نەتەوایەتیان .

---

• تا نەوروز لەهەمو چوار چیوەی خاکم
بە کشـــتی نەکرێ من هەر غەمناکم

تاکو دوژمنی رورەشی برسی    سزا وەرنەگریت بەبێ مەترسی
تاکو هەل نەکرێ ئالای رزگاری    خائن نەبینم بەشـەرمە زاری
نالیم نەوروزە پێی دلخوش نابم    جەژنی واناکەم هەتاکو مابم

• • •

ئەو روژە جەژنە کوردبوبێ ئازاد    بتوانم بچمە شاری مەهاباد
بوسەرمەزارگەی یەکەم سەرکومار    کە شەهید کرا بەدەستی زوردار
بروم عەرزی کەم موژدەی بوبەرم    بلیم ئەی گەورەم تاجی سەروەرم
هەزار هەلکەنەو تەشریف بینەدەر    ئەو تووەی چاندت ئەمروهاتەبەر
مەلا موستەفای بەرزان هاتـەوە    مەشخەلی شورش هـەلبکاتەوە
دەستی دایەچەکدیـان گەلی کورد    روبەزورداران زووهەملەتی برد
دروشمی هەلکردیا کورد یانەمان    بەشورش کردن خەبات کول نەدان

• • •

پیشەوای مـەزن ئالا هەلکرا    ملی دوژمنان بە پەتا کرا . .
شەهیدان یەکیان هەموبەش دارن    لەم ئاهەنگەدا زور بـەختـیارن

---

ە لە تەویلە نووســەر ئەم هونراوەیەی لـە نەوروزی ١٩٦٥ خویندوەتەوە .

« بەشی پینجەم »

## ١ ــ [ کەمیك لەرابوردوی ]
## [ کورد لەگەل ئەمروی ]

لە سەدەی ( ١٦ ، ١٧ ) دا ، ئیمپراتوریەتی عثمانیو ئیران لە فەرمان رەوایی شاکانی سەفەویدا ، زورجار لەسەر خاکی کوردستان بەگژ یەکدا ئەچوون ؛ لەسالی ١٩٢٦ ، شاعەباسی سەفەوی لەگەل سولتان مرادی چوارەم لە سەر سنوریك ریك کەوتن ، وەهەر بەوجورە مایەوە تا سالی ١٨١٣ ، لەسالی ١٨٢٠

---

شیخی پیرانیش لەگەل شیخ محمود    وان لەوریزەدا بە کەیفوخوشنود
لەو شەهیدانەی خوت ئەیان ناسی    عیزەت خیرالله موصتەفا قودسی
بەسەدانی تر وەك دوکتور فؤاد    هەمو ئامادەن دەر ئەچوون لەیاد
شەهیدەکانی نوزدەی حوزەیران    لەسولەیمانی تیر باران کران
ئەوانیش هەمو پیش واز کراون    دلشادن چونکە تولە سەنراون
پاسەوان ریزن پیشمەرگەش تەواو    بە شیوەیەکی جوانو ریکخراو
هەمو بەیەك دەنگ سرود ئەخوینن    لەم رزگاربوونە شادی ئانوینن

*   *   *

گەر بەچاوی خوم ئەم ئامەنگەم دی    ئەوساکە ئەیکەم گەردن ئازادی
ئەو روژە ئەیکەم جەژنە پیروزە    دانی پیا ئەنیم ئەلیم نەوروزە

میر محمد پاشـــای رەواندز ، بەسەر کەوتنیکی بێ پـایان داگیر کەرانی پاك کردنەوە ، زور ناوچەی خستە ژیر فەرمان رەوای خویەوەو ماوەیەك پایەدار بوو . بەلام لە ئەنجامدا بەفیل حکومەتی عثمانی گرتی‌و خنکاندی و حکومەتەکەی لەناوبرد .
بەو جورە گەلی کورد لەزور ناوچەدا وەتاکو پیش شـــەری جهانی یەکەم،زور بزوتنەوەوشورشی بەرپانەکرد بەلام هەندیکیان هەر لەبیشکەدا کپ ئەکرانەوەو لەناو ئەچوون و هەندیکیان بو ماوەیەك بەردەوام ئەبوون . لەکوتایی شەری جیهانی یەکەمدا سەر لەنوێ کونە پەرستان بەهاوکاری یارمەتی ئیمپریالیزم خاکی کوردستانیان بەش کردووە لەنیوان تورکـیا و ئیران و عیراق و سوریەدا وەبەم شـــیوەیە تا ئەمرۆ ( ٢٦ ) مـاوەتەوە ، ئەگەر

---

( ٢٦ ) ژمارەی کورد لەم وولاتانەو دەرەوەدا بەم جورەیە :

| | |
|---|---|
| ٦/٠٠٠/٠٠٠ | تورکیا |
| ٦/٠٠٠/٠٠٠ | ئیران |
| ٢/٠٠٠/٠٠٠ | عیراق |
| ٥٠٠/٠٠٠ | سوریە و لبنان |
| ٢٠٠/٠٠٠ | سۆڤیەت |
| ١/٠٠٠/٠٠٠ | دەرەوەی کوردستان |
| ١٥/٧٠٠/٠٠٠ | هەمووی |

سەرنجێکی باری کومەلایەتی و ژیانی کوردەکانی ئەم وولاتانە بدەین سەیر ئەکەین .

لەیەکیەتی سوڤیەت : ئارادەیەکی گەورە . سەربەستی نەتەوایەتی هەیە خویندن و نووسین بەکوردی پەرەی پێ دراوە ـ لەشاری لینین گرادا ولەناوچەی ئاذەربایجان لقی [کوردەلوگیا] کراوەتەوە، کە زاناکان لەوێ دا دەربارەی میژووی جوولانەوە نیشتمانیەکانی کوردو . ویژەو هونەری ئەم گەلە ئەکولنەوە ، وە بەچاویکی یەکسانی سەیریان ئەکەن .

لەسوریەدا : ـ کوردەکانی ئەم وولاتە لەم سالانەی دوایی داتووشی ئازارو ئەشکەنجەو ستەمی درندانەی کار بەدەستانی ئەوی بوون ، زور لەکوردە نیشتمان پەروەرەکان دەربەدەرکران خویندنو نوسین بە کوردی قەدەغەیە ! زوربەی ناوی کوردی سەدان سالەی گوری بە عەرەبی ، بەهیچ جوریك دان نانریت بەنەتەوایەتیان .

لە عیراقدا :ـ خویندن و نوسین دەمیکە لە قوتابخانەو هەندێ فەرمانگەدا لەهەندێ ناوچەدا بووە بەبونەی حکمداری شیخ مەحمودی نەمرەوە لە دوای شورشی ١٤ تەموز زیاتر پەرە درا بەزانیاریو روشن بیری نەتەوایەتی کورد ، وە زور

ناوچەی گرتـەوە ، بەرنامەی تایبەتی دانرا بو قوتابخانەکان ، لەدانشگای بەغدا لقیك کرایـەوە بـو خویندنی زمانی کوردیو لیکولینەوە لە ویژەو میژووی ئەدەبی کوردی .

سەربەستی کومەلایەتی بایەخیکی زوری پێ درا ، بەشیوەیەك ریگا درا بەپارتی دیموکراتی کوردستان کە بەئاشکرا خەباتی خوی بکات بو چەسپاندنی مافەرەواکانی ئەم گەلە ئەم سەربەستی یە بو ماوەیـەکی کەم پایەدار بوو . لە ئەنجامدا گەلی کورد ناچار کرایەوە بو بەرەنگاری شەریکی ● « ٢٧ » خویناوی ، عبدالکریم قاسم وکابینەکەی پاش گەز بوونەوە لە چەند بەندیکی یاسای کاتی « الدستور المؤقت » کەدانی ئەنا بەهاوبەشی هەردو گەلی کوردو عەرەب لەعیراقدا ، .

لەم بارەیەوە ( رودولفو کاسالاس ) ی کو بـی لـە روژنامـەی « غوانما » زمانی پارتی سوشیالیستی ئەو وولاتە نوسـیویەتی ئەلێ :ــ پاش ئەوەی عبدالکریم قاسم لەریگای راستی ١٤ ی تەموز لای دا کەوتە گرتنی نیشتمان پەروەران لەهەمو کومەلە سـیاسیەکان بەتایبەتی لەریزی گەلی کوردا لە بەر ئەمـــە

---

● ٢٧ : ئەم شورشە کە نزیکەی دەسالی خایان مەگەرلـە سەدان لاپەرەدابنوسریتەوە ، هەر ئەوەندەمان نوسی کەپەیوەندی بەم باسەوە هەیە .



موستەفا بارزانی سەروکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە گەڵ گەلی کورد کەوتنە شەریکی پالەوانانە دژی سوپایەکی گەورە وبەهیز کە بەتازەترین فروکەو چەك ئامادە کرابوو ، هەزاران لەخەلکی کوردستان لە پیشمەرگەو خەلکی تری کوردستانی بیَ تاوان خویان کرد بە قوربانی و شەهید بوون لەو ریگەیەدا بو بەدەست هینانی مافی نەتەوایەتی خویان .

لەدەرەتاوە هەموو دوژمنانی رژیمی ئەو سەر دەمەی عیراق یارمەتی یان ئەدان ، بەلام لەبەر ئامانج و بەرژەوەندی تایبەتی خویان بوو .

وەپارتی دیموکراتی کوردستان توانی بەشیوەیەکی ریكوپیك ئاگاداری شورش بکات وەلە ماوەیەکی کەمدا شورشی پاکـ کردەوە لە دەرەبەگو کونە پەرستەکانی خویاندا ] .

لە ماوەی ئەم ئوسالەدا زورجار نوینەرانی کوردو کوماری عیراق ئەکەوتنە گفتوگو بوچارە کردنی گیروگرفتی مەسەلەی کورد بەلام لەئەنجامدا بەبیَ سوود دەر ئەچوو و ئەکەوتنەوە شەرکردن . تاکو بەیانی میژووی ١١ ئازاری ١٩٧٠ لەنیوانی هەردوو نوینەرانی کوردستانی عیراقو کوماردا مورکراوبلاو کرایەوە بەبریاردانی ئوتونومی = حکمی ذاتی لەناو چوار چیوەی عیراقدا .

## کورتەی ئەو بەیانە :ــ

١ــ گەلی عیراق لەدوو نەتەوەی گەورە پێك هاتووە لە گەل کەمایەتی یەکانی تر .

٢ــ زمانی کوردی رەسمیە لە هەموو قوتابخانەو فەرمانگەکاندا لەو شوێنانەی زوربەی دانیشتوانی کوردن لەپاڵ زمانی عەرەبیدا هەروەها لەهەموو قوتابخانەکانی عیراق زمانی کوردی وەك زمانێکی دووەم ئەخوێنرێت .

٣ــ بەپێی ئەو سەر ژمێریەی ئەکرێت بەسەر پەرشتی لیژنەی بەرز کەلە نوێنەرانی هەردوولا پێك هاتووە ئەو شوێنانەی زوربەی دانیشتوانیان کوردن دیاری ئەکرێن بو جێگیر کردنی ( حکمی ذاتی تیایانا ) وە هەموو فەرمانبەران لە کوردەکان خویان ئەبن وەك محافظ ، قائمقام ، بەرێوەبەری پولیس و ئاسایش .

٤ ــ گێرانەوەی دانیشتوانی دێهاتە عەرەب و کوردەکان بوشوێنی جارانیان وەهەر زەرەرو زیانێکیان لێ کەوتبێ پێیان ئەدرێتەوە .

٥ــ مێری دان بەوەدا ئەنێت کەگەلی کورد پێویستە مافی نەتەوایەتی خوی بدرێتە دەست وبتوانی رێکخراوی تایەتی بو خوی دابنێ وەك یەکیەتی ماموستایان و ئافرەتان و قوتابیان و

لاوان .. هتد .

٦- یەکیك لە جیگیرەکانی سەرکومار کورد ئەبیت .

٧ــ قانونی محافزەکان ئەگورریّ بە جوریك لەگەل ناوەروکی ئەم بەیانەدا بگونجیّ .

٨ - فەرمان بەران و ئەفســەران وە هەموو ئەو کوردانەی بەشداری ئەم شورشە بوون ئەگەرینەوە بوسەر ئیش وکاری جارانیان وە ئەو ماوەیەی لە شورش دابوون بە خزمەت بویان دابنریت وە بەگویرەی پیویست ئەکرینەوە بەفەرمانبەر لە کوردستاندا .

٩ــ پەلە کردن لەجی بەجی کردنی یاسای کشت و کاڵ و وەلیّ خوش بوون لەوباجەی کــوبووەتەوە لــەســـەر جوتیاران لەو ماوەیــەدا .

١٠ - ئەم بەیانە لەچەند بەندیکدا لە یاسای کاتیدا برریاری لەسەردرا وەلەکاتی دانانی یاسای هەمیشەیی کوماردا دوبارە ، برریاری لەسەر ئەدریتەوە .

١١ــ بەندەکانی ئەم بەیانە لەگەل بریارەکانی تری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورشی کومار بەپەلە جی بەجی بکریت .

١٢ــ یاسایەکی تایبەتی دانرا بوئەوەی دوانزە بەتالیون(فوج ) لەهیزی پیشمەرگە ببن بەپاسەوانی سنور وەهەر کەس شەهادەی هەبیت لەفەرمانگەی شارستانیدا دابنریت ئەگەرخوی حەزی لیّ بیت

١٣ــ گەلی کورد لە دەســتەی قانون دانەرانو پەرلەماندا بەشدار ئەبیت بە گویرەی ژمــارەی دانیشــتوانی کوماری عــیراق .

١٤ــ کردنەوەی قوتابخانەو خەستەخــانە لە ناوچەکــەداو ئاوەدان کردنەوەی وولات .

١٥ــ پاش تەواو بوونی جیبەجی کردنی ئەم بەیانە چــەکــی قورس‌و ئیستگەی رادیوی شورش ئەدریتەوە بەمیری .

سەر کومار سیادەتی ( ئەحمد حەسەن بەکر ) لەتەلەفیزیونو رادیــوی‌بەغدا ئەم بەیانەی بلاو کردەوە . بەم بونەیەوە لــە سەرانسەری کوماردا کرا بــە زەماوەندو ئاهەنگ وەئەو روژە کرا بەووچانیکی رەسمی وە هەموو فەرمــانگەو قوتابخانــەکان داخران بەو بونەیەوە .

زور لەسەروکی وولاتانی دەرەوە پیروزبایی‌یان لەگەل عیراق کرد بەهوی چار کردنی ئەم کیروگرفتەوە لەنیوان نوینــەرانی هەردوو لادا ، وە زورترین ژمارەی روژنامەو گوڤاری جهان باسی ئەم بەیانەیان ئەنووسی ولیی ئەکولینەوە بەتایبەتی لــە خەباتی بی ووچانی پارتی دیموکراتی کوردستانو سەروکە ـ پالەوانە دلسوزەکەی کاك موستەفا بارزانی ، بونمونە روژنامەی ( غرانما ی « کوبا » زمانی پارتی سوشیالیــسـتی ، بە پینوســی

( رودولفو كاسالاس ) نووسیویەتی : بارزانی کێیە ؟

موستەفا بارزانی لەبنەماڵەی هوزیکی جەنگاوەری پاڵەوانی نیشتمانی کوردە کە پێی ئەڵێن هۆزی بارزان ، وە سەروکی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەر کردەی شورشی گەلی کورد .

تەمەنی « ٦٥ » ساڵە ، لەتەمەنی ٩ مانگیدا لەگەل دایکیا بەند کراوە لە فەرمان رەوایی عثمانیەکاندا بەهوی هەستی نیشتمان پەروەریەوە کەلە کونەوە لەو خیزانەدا پایەداربووە. لە ساڵی ١٩٢٠ قولی مەردانەی لێ هەلکردو دەستی کرد بە شورش کردن بەرامبەر بەداگیر کەران و چەوسینەرانی نەتەوەی گەلی کورد .

دیسانەوە لەساڵی ١٩٤٣ بەیارمەتی رۆلە جگەر سوزەکان داوای حکمی ذاتی( ئوتونومی) کرد بو کوردستانی عیراق بەلام سەرنەکەوت بە هوی نەبوونی یەکیەتیو بەهیزی دوژمن لە ئەنجامی ئەم بزووتنەوەیەدا خـوی‌و هیزەکەی رووی کردە کوردستانی ئیران بو یارمەتی دان و دامەزراندنی کوماری مەهابادی دیموکراتی ، کە ماوەیەکی کەم پایەداربوو ، پاش لەناوچوونی ئەم کومارە بە « ٥٣ » روژ توانیان لەنیوان سنوری هەرسێ وولاتی تورکیاو ئیران وعیراق دا بچنە یەکیەتی سوڤیەت وە پەنابەر وەربگیرین وتا شورشی١٤ تەموزی ١٩٥٨ لەوێ مانەوە.

موستەفا بەرزانی بەتایبەتی لە کاتی شەردا هەرگیز لەیەك پنکەی پیشمەرگەدا نامینیتەوە کەئەمەش نیشـــانەی پالەوانیەتی و جەنگاوەری یە ، هەر وەها لەو بارەگایانەی کە بو ماوەیـــەك نیشتەجێ بیت شتیکی وات بەرچاو ناکەویت کە زوربەی ســەر کردەی وولاتـانی‌تر بەکاری ئەهینن بو رازانەوەو کەشخەکردن وەك هەمیشە لەسەنگەردابیت ئامادەی بەرگری بـیت وایە ؛ وە پیشمەرگە لەسەرەتاوە بەچەکیکی ســـادەوە بەرگریان کرد بەلام ئەمرو تازەترین چەکی بەدەستەوەیە .

هەر وەها ( جەمیل مەحو ) لوبنانی لە روژنامەی [ الاحد ] ژمارە ( ۹۷۷ ) سالی بیستەم « ۱۹۷۰ » نووسیویەتی موستەفا بارزانی پیاویکی خویندەواری زیرەکە ، زمانی عەرەبـی‌وتورکی و روسی و ئینگلیزی باش ئەزانیت‌هەموو جورە روژنامەوگوڤاریك ئەخوینیتەوە ، وانکو چوغەی سادەی کوردی لەبەر ئەکات لـە کاتی گفتوگو کردن لەگەلیا بیجگە لەکاك موستەفا حەز بەناوی ترناکات کە نیشانەی پیاهەلدان‌بیت . بەشەوا ناخەویت تاسەعات پینجی بەیانی دوای نویژ کردن تا ( ۱۲ ) ی نیوەرۆ ووچان ئەدات ، لەنوینەکەیا هەمیشە کـە گفتوگو ئەکات بەئایـــاتو فەرموودەی ئایینی ئیسلام بەلگەیان بو ئەهینیتەوە . باوەری بە ئایینی ئیسلام زور بەهیزەوە ئەلـێ : من لەگەل هەمووموسلمانیك

بەرایەتی ئەژیم ، بەلام بوپاراستنی مافی نەتەوایەتی گـەلی کورد هەرگیز دواناکەوم ، وەلە ( ١١ ) ی ئازاری ١٩٧٠ کە مۆری « حکمی ذاتی » تیا کرا ، بو کوردستان ئامانجی خەباتی خوێناوی ئاسـایشیکی هەمیشەیی تێ ئەکـوشێن نەك شەرر ڕاگرتنیکی وەختی .

## ٢ـــ [ باری کورد لەتورکیادا ]

بێ گومان ئەوپەڕی چەوسانەوە لە تورکیادا هەیە بەرامبەر بەنەتەوەی کورد ، بە کوردی خوێنـدنو نووسین قەدەغەیـە ، گەلێ شورش و بزوتنەوە لەو وولاتەدا بەرپا بووە لەڕابوردوودا ؛ بەلام هەر بو ماوەیەك پایەداربون بە یارمەتی بیگانە لەناوچون. جواهرلال نەهرۆ نووسیویەتی (سەیر ئەوە بوو تورکەکان خەباتیان ئەکرد لەپێناوی نـەتەوایەتی خویان بەلام بولـەناو بردن و چەوسانەوەی نەتەوایەتی کورد دریغیان نەئەکرد ، وەزور لە نیشتمان پەروەرانی کوردیان لەناو برد، وولاتەکەیان ویران کردن ]

لە ڕابوردودا زور جار ڕابەران و سەرکردەکانی گەلی کورد بـە دلیکی خاوێنو نیازیکی پاکەوەشانبەشانی دراوسیکانیانبەرگریان لە داگیرکەرانی خەلکی ئەو وولاتانە کردووە ، بەلام لەئەنجامدا ئەو سەر کەوتنانەیان لە سەر خویان تاپو کردووە . کوردەکانیان

له هاوبەشی دا دوور خستونەتەوە ، نرخیکی ئەوتویان نەداونەتێ وە لە هەموو مافیکی نەتەوایەتیان بێ بەشیان کردوون .

« ٢٨ » شیخ سەعیدی پیران سەر کردەی یەکیك لە شورشە – گرنگەکانی تورکیا لە زیندانی « دیاربەکر » دا بەژەندرمەکانی ووت ( پاش ئەوەی تورکیا لەشەڕی جهانی یەکەم رزگاری بوو، کەوتە شەڕیکی تازەوە بە ناوی سەر بەخویی یەوە ، ئەتـــەوەی کوردیش شان بەشانی برا تورکەکانیان لەو دوو شەرەدا خویــان ئەکرد بە قوچ و قوربانی بو سەرکەوتن و پاراستنی خاکی تورکیا وە هەزاران گیانیان بەخشی لەو ریگەیەدا . بەلام لەئەنجامدا ئیوە ئەو چاکەیەو هاوکاریەی گەلی کوردتان بە سزایەکی ســـپلەیی توندو تیژی دایەوە ، وە کوششیکی زورتان کرد بو لەناوبـــردنی نەتەوایەتیمان دیارە ئیمەش بەرەنگاری ئـەو کارە نارەوای یەی ئیوەمان کرد کە پیویست بوو لەســــەرمان ئیوە میرئالای خالد بتلیسی و حاجی موسی بەگ و یوسف ضیاو گەلی ســـەر کردەی دلسوزتان لە کوردەکان بەدیل گرتن ، دواچار هاتنە سەر ئەوە منیش بگرن لەبەر ئەوە ، وەبە یارمـــەتی خـوای گەورە لـە [ ١٣ / شـــوباتی ١٩٢٥ بـەرەنگاری ئیوەم کرد . هـەر وەها « دیاب ئاغا » کەسەر کردەیەکی نیشتمانی کورد بوو لەتورکیا

---

٢٨ روزی نوێ ژمارە «٢٤» سالی «٤» ١٩٦١ .

موستەفا کەمال پـێی ووت ، ئیوە هاوکاریمان بکەن تالەدژ داگیرکەران بوەستین ، وەلە چیاکانی دەرسیم ڕێمان بدەن ئەگەر نەنقەرە داگیرکرا . پاش ئەوەی ئەوپـەری یارمەتـی و هاوبەشی کرا لەبەرگریدا . موستەفا کەمال هەموو ناوچەکانی وێران کردن وبە سزاو جەوروستەم پاداشی دانـەوە . حەسەن خەیر کەیەکیك بوو لەو «٢٧» کەسەی کە یارمـــەتی موستەفا کەمالیان دا دواجار ئەویش لە « ١٩٢٥ » لە قـــەنارە دراو کوشتیان ، وە پیش ئەوە پەتی قەنارەکـە بکەنە ملی . ووتی : « داخی گرانم کەمالیستیەکان دەستیان برین وەئیمەش میللەتی خومان فەرامۆش کرد . دوکتور فؤاد ووتی لـەبەردەم داری- سیدارەکەدا ، : بژی کوردستان ! ئەی خوین ڕیژینە ئیوە لاپەڕەی میژووی خوتان ڕەش کەن ، بەلام کیانی نەتەوایەتی کورد بـە ئیوە لەناو ناچیت . بەلکو لەسەر خەبات وتیکوشـــانـی خوی بەردەوام ئەبیت تا رزگاری ئەبیت . بەم جورە بەسێ چار لـە سالی « ١٩٢٥ » لەشوینە کشـــتیەکاندا « ٢٣١ » سەر کردە و نیشـــتمان پەروەری کورد لەتورکیا خنکینران و « ٨٧٥٨ » خانوویان وێران کرا . ئەو خەلکە بێ دەســەلاتەی مایەوە دەربەدەر کرا بو خوارووی وولات وەدیهات نەما ویران نەکریت ئەو کەسەی بەکوردی گفتوگوی بکردایە ئەو پەرری سزا ئەدرا .

ته‌نانه‌ت له‌ناوماڵو خێزانی خویان‌دا نه‌یان ئه‌وێرا به‌کوردی بدوێن ، وه‌یاسای ( ته‌تریك ) کردن به‌تورك بو ئه‌م مه‌به‌سته دانرا وه هه‌موو مافێکی نه‌ته‌وایه‌تیان لێ قه‌ده‌غه کراوه تـــا ئه‌مرۆ .

## ٣ــ ( باری کورد له ئێران‌دا )

له هیچ فه‌رمانگه‌یه‌کو قوتابخانه‌یه‌کدا زمانی کـــوردی به‌کارنایه‌ت و قه‌ده‌غه‌یه . ئه‌گه‌ر له پوســـته‌خانه‌دا چاویان به نامه‌یه‌کی کوردی بکه‌ویت که‌له‌و شوێنه‌وه بولایه‌کی‌تر ڕه‌وانه بکریت وه‌ك شتێکی سه‌رسام کـه‌ر ده‌وری لێ ئه‌ده‌ن و سه‌یری ئه‌که‌ن . له‌م دواییه‌دا چه‌ند ئیستگه‌یه‌ك که سازمان سه‌رپه‌رشتی ئه‌کات . دانراون ، به‌لام بو گه‌یاندنی ڕامیاری ڕژێمی کونه په‌رست نه‌بێ مه‌به‌ســـت مافی نه‌ته‌وایه‌تی نیه . وه‌نه‌بی له ڕابوردوودا گوێ به‌م نه‌ته‌وه‌یه درابیت ، به‌درێژایی حوکمی شاکان له‌م وولاته‌دا کاربه‌ده‌ستان روژله‌روژ زیاتر له‌م رووه‌وه به‌رده‌وام بوون ( کولونیل ڤنستون ) نووسیه‌تی : ره‌زاشا زوربه توندوتیژی له‌گه‌ل کورده‌کان ئه‌جوولایه‌وه ، به‌سه‌دان سه‌ره‌ك هوزو تیره‌کانی دوور خستنه‌وه له‌ناوچه‌کانی خویان دا ؛ وه‌نا چاری کردن له‌مه‌ندێ ناوچه‌ی دوور ، له‌ده‌وروپشتی تاران جیگیربن،

وەهەرچیەکیان هەبوو دەستی بەسەرا گرتو زور لەکوردەکان پەنایان بە وولاتە دراوسیکان ئەبرد ، بەشیوەیەك هەزاری و دەربەدەری پەرەی سەند وە زور لەخەلکی کەوتنە سوال کردن لە هەمووی ناخوشتر ئەوەبوو ، تیرەو هوزەکانیان لەکوردستاندا ئەدا بەگژ یەکتریدا ، بوئەوەی هەموو یەکتر لەناو بەرنوناوچەو دیهاتی یەکویران کەن، تووی دەرەبەگی بچینو بەرامبەر بەدوژمنی هاوبەشی خویان بێ هیزبن ، لەپیش دامەزراندنی کوماری مەهابادو دوای لەناو چوونی تائەمرو کاربەدەستەکانی رژیمی ئیران لەهیچ روویەکەوە دریغیان نەکردووە لە چەوساندنەوەی گەلی کورد وەتوشی ئازارو ستەمکاریەکی بێ پایان هاتن ، بەرادەیەك لەم سالانەی دوایی‌دا لە موکریان و کرماشان و هەورامان زور لەناوچەکانی تری کوردستانی ئیران سازمانوهیزی ژەندرمە نیوەشەو هەلمەتی درندانە ئەبەنە سەر خەلکی بێ دەسەلات و توندی زیندانیان ئەکەن ، دادگا سوپاییەکان بە درەمەکی ئەوانەیان کەنجبن بە خنکاندن حکمیان ئەدەن وە بەسالا چووەکانی بوماوەیەك حکم ئەدەن .کەلەو ماوەیەدا سەر دەرنەکەنو لەزیندان نەیەنە دەرەوەو لەناوچن .

بەلام دیارەو هیچ گومانی تیانیە رژیمی ئیرانودەسگای سازمانو یارمەتی دەرەکانی لەخو فرۆشو بیگانەو هاوکاری کردنی لەگەل

« پەیمانی ناوەندی » ئەمانە هیچیان لەرۆژی خوی‌دا بەفریای ناکەون ، وە ئەو ڕێبازە پیروزەی گەل گرتوویەتی بوڕزگاربوون بەئامانج گەیشتن ، بەهیچ جور لەناو نابرێ . تەنیا ئەوەندەیان لەدەس دیت بوماوەیەك پەردەیەکی تەنگ لە خولەمیشی قەدەغە کردنی سەربەستی نەتەوایەتی کورد بخەنە سەر ســـووچیکی پشکوی پرر بلیسەی ئاگری بزوتنەوەی ئەم گەلە ، کـە هەرگیز کوژانەوەی بونیە • وە زوری پـی ناچی بەهەناسەی پڕ لەئاسوری دەرونی رەنج خوراوان و دایـــکی شەهیدان وەهیزی پولایینی یەکیەتی ئەو ئاگرە بەتین تر ئەبیت ؛ وەقەلای جـەورو سـتەم کاری ئەسوتینی و ئەیکات بەخولەمیش • وە تولەی پیشەواقازی محمد و سەدانی‌تر لەنیشتمان پەروەران کە لەورێ‌یەدا شـەهیـد بوون ئەسینریت . وە تاوان باران لەبەر دەرگای دادگای گـەل ئەتەزین‌و سزای سەختی خویان وەر ئەگرن ، ( ئارشی روزفیلد) نووسیویەتی : ئەگەر ئەو وولاتانەی گەلی کورد لـە گەلیـان ئەژین ، سەر بەخویی‌یەکی ناوەوەیان بدەنی ، وەواز بهینن لەو تەقەلایەی کە ئەی دەن بو ئەوەی سەر کزیان بکەن‌و بیان توینەوە لەناو نەتەوەیەکی‌تردا کە بیگانەن بەوان ، ئەوسا ئەتوانن وەك برای دلسوز لەگەڵ کوردەکان‌دا بژین‌وبین بەپشتیوانیکی گەورە بویان ، وەك ئەو برایەتی‌و یەك‌گرتنەی لەنیوان هەموو نەتەوەکانی

وولاتی هولندەو گەلی وولاتانی ترا هەیە .

وەهوی ئەو ڕووداوانەی کەم دواییەدا لە کوردستان بەرپابوون ئەگەڕیتەوە بو ئەو کوششانەی ئەکران و ئەو هەنگاوانەی ئەنران بو لەناو بردنی گەلی کورد ، پالی پیوە ئەنان بوراپەرین و شورش کردن بەرامبەر بە زورداران و کار بەدەستە شوفینیەکان . کەوابو باشترین پەیڕەو و بەرنامە بوچارە کردنی ئەم بزووتنەوانەی مەسەلەی کورد ، دانانی بنچینەیەکی نویێیە لەم ناوچەی « روژهەلاتە » دا بوئەوەی دەست دریژی ئەکریتە سەر مافیان ، وە ئازادو سەربەستبن وەکو هەموو نەتەوەیەکی تر قەبارەیەك و ناویکیان هەبیت ، بوئەوەی پاریزکاری نەتەوایەتی خویان بکەن. چارەی مەسەلەی کورد بناغەیە بوئاشتیو دیموکراتیەت وخوش گوزەرانی لە روژهەلاتی ناوەراستدا ، هەرچار کردنیك ئاراستەی ئەوەبیت کە ئاسایشیکی هەمیشەیی پیێ بلاو بکریتەوە ئەگەر گەلی کورد رەزامەندی لەسەر نەبیت وەهەموو مافیکی پاریزراو نەبیت لە ئەنجامدا بەرەو ڕوخان ئەروات و نایەتەدی .

گەلی کوردی نەبەز زور جـــار شورشی بەرپا کردووە لە رابوردوودا وەگەلێ قوربانی داوە لەم رێیەدا زور لەسەرکردە و نیشتمان پەروەرانی گیانیان بەخت کردووە بوسەندنی مافی رەوای خویان بەلام لە بەرنەبونی یەکیەتیو دوودلی تا ماوەیەك

ئەو بزوتنەوانە بەردەوام بوون .

چا پیویستە ئامانجی هەموو نیشتمان پەروەرو دلسوزیکی کورد ئەوەبیت کە سوود لە رابوردووی میژوویی پرکارەساتی خویناوی ئەم نەتەوەیە وەرگرین ، وەگوێ رایەلی دیریك لە ئاموزگاریەکانی عیزەت و خیرالله و موستەفا و قودسی بکەین کە لە پیش خنکاندیان بە ٢٤ سەعات نوسیان بوگەلی کورد ( ئیمە لەواجبی میللی دوانەکەوتین ، تەنیا ئاموژکاریمان ئەوەیە ، کەلاوان و نیشتمان پەروەرانی کورد نوکرانی ذات بکەنە نیشانە و یەکیەتی بکەنە پەیرەوی خویان بو شکاندنی تەوقی ئیستعمارو داگیرکەران ] .

---

## سوپاس

بو ئەم برایانە کەهەریەکەی بە پیێی بەهرەو توانای خوی یارمەتی داوە بولەچاپ دانی ئەم کتیبە وهیوادارم وینەیان زۆربی

* ئەدیبی ناسراو کاك ( ساجد ئاوارە ) کەبە دلسوزی سەرپەرشتی ی کرد لەکاتی چاپ کردنا .

● مامۆستا شیرکۆ مهدی عزیز کە بەمایە یارمەتی داوە بوچاپکردن

● خاوەن و کریکارانی چاپخانەی راپەرین .

دانا / محمد بهاءالدین ملاصاحب

## سەرچاوەکانی ئەم کتێبە


١ ــ شۆڕشەکانی کوردو کۆماری عێراق عــلاءالدین سجادی بغداد

٢ــ بارزان و نهێنیەکانی معروف قەرەداغی بغداد ١٩٥٩

٣ــ پێش مەرگە رەحیمی قازی بغداد ١٩٦٠

٤ــ گوڤاری ( روناهی ) ژمارە ٥ ، ٦ ، ٧ ، ٨ بغداد ١٩٦١

٥ ــ گوڤاری ( هیوا ) ژمارە ٦ ، ٧ سالی دووەم بغداد ١٩٥٩

٦ــ گوڤاری « رۆژی نوێ » ژمارە «٧» سالی یەك وە ژمارە ١٤ ، ٢٤ سالی دووەم ١٩٦١ سلیمانی

٧ ــ گوڤاری [ رزگاری ] ژمــارە [ ٣ ، ٩ ، ١٠ ] سلیمانی ١٩٦٩

٨ ــ گوڤاری روناکی ژمارە « ١٨٠ » سالی یەکەم ١٩٦٩

٩ ــ چەند ژمارەیەك لەگوڤاری گەلاوێژو خەبات

١٠ــ حركة كردستان و آذربايجان التحرريه كريم زەند

١١ــ كردستان و الحركة القومية الكردية جلال الطالباني ١٩٧٠

١٢ــ تأريخ الكرد والكردستان الناحية السياسية والاقتصادية الدكتور عبدالرحمن قاسملو بيروت ١٩٧٠ .

١٣ــ مجلة الاحد اللبنانيه العدد ٩٧٧ بيروت .

١٤ــ الصراع على كردستان خلال القرن التاسع عشر تأليف د ، ن ، أ خالفين ترجمة الدكتور احمد عثمان بغداد ١٩٦٩

ژمارەی لاپەڕە

# [ ناواخن ]

## بەشـــی یەکەم


| | |
|---|---|
| ١ــ موکریان . . . . . . . | ٧ |
| ٢ــ مەهاباد . . . . . . . . | ١١ |
| ٣ــ قازی محمد . . . . . . . | ١٣ |
| ٤ــ نمونەیەك لە تیکوشانی . . . . | ١٥ |


## بەشی دووەم


| | |
|---|---|
| ١ــ هەلکردنی ئالای کوردستان . . . | ٢٤ |
| ٢ــ هەلبژاردنی قازی محمد بەسەر کومار | ٢٧ |
| ٣ــ سوین خواردنی . . . . . . . | ٣٠ |


## بەشی سێیەم


| | |
|---|---|
| ١ــ گرنگ ترین فەرمان لەسەر دەمی کوماردا | ٣١ |
| ٢ــ هاوکاری بارزان بوکوماری کوردستان | ٤٠ |


## بەشی چوارەم


| | |
|---|---|
| ١ــ پیلان کردن بو لەناو بردنی کوماری دیموکرات | ٥٢ |
| ٢ــ لەناو بردنی کومار . . . . . . | ٧٣ |
| ٣ــ گرنگ ترین هویەکانی لە ناوچوونی | ٨٥ |


## بەشی پینجەم


| | |
|---|---|
| ١ــ کەمێك لە ڕابوردوی کورد لەگەڵ ئەمڕۆی | ٩٣ |
| ٢ــ باری کورد لە تورکیادا . . . . . | ١٠٣ |
| ٣ــ باری کورد لە ئیران دا . . . . . | ١٠٦ |



له نووسراوه كانی [ دانـا ]

١ــ یوسف و زلیخایه كوردی
١٩٥٥

٢ــ پیر شالیاری زه‌رده‌شتی
١٩٦٨

٢ــ پێشه‌وا قازی محمد و كۆماری مه‌هاباد
١٩٧١

## چاپ نه‌كراوه‌كانی

١ــ زامیه خاتوون
٢ــ بانگی یه‌كێتی

**نرخی « ١٧٠ » فلسه**


نووسینی به‌رگ ( عثمان شیخ لطیف )

١٥٠٠ ١٩٧١/١٢/١٠ ــ رقم الایداع فی المكتبة الوطنیة ببغداد ٩٧١/٦٣٦

چاپخانه‌ی راپه‌رین سلیمانی شه‌قامی كاوه ٢٠٩